بســـم الله الرحمن الرحيم

## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٢٨ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | گرنگی و جوانی زانست لە کارپێکردنیدایە نەك لە زانینی بەتەنها | سەرنوسەر |
| ٣ | وەرزی نوێـی خوێندن و تاوانکاری | پشتیوان حسن کەرەم |
| ٥ | پاداشتی خوێندنی سورەتی مولك | إدريس محمود |
| ٦ | ئایا ڕازیت بەپەروەردگاریێتی الله ...؟! | سامان جبرئیل |
| ٧ | تا چەند نوێژەکانمان لە کاری خراپە دەمان گێڕێتەوە ؟! | سۆران عثمان |
| ٨ | تاقی کردنەوەیەکی خۆت بکە..! | کاروان باقی |
| ٩ | بێدەنگی خوشکان لە ئاست هەڵەی خوشکانی تر بۆ؟! | ڕێناس محمد |
| ١٠ | نەهاتوم بۆ ئەوەی فیل ببینم | فلاح حسن |
| ١١ | تەمەن دەڕوات | جليل إبراهيم |
| ١٣ | دووجار هەست کردن بە غەریبی | پشتیوان حسن |
| ١٤ | فرمێسك ڕشتن لەترسی خوای پەروەردگاردا | هەوار عادل |
| ١٦ | هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام | سارا عادل |
| ١٧ | مانای دینداری و ڕەوشت جوانی | کاوە أکرم |
| ١٩ | ئەگەر ژێری درەخت بووایە، ئەوا باشترین درەخت دەبوو.. | جيهاد قادر |
| ٢١ | گرنگی شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) | لانيه طه |
| ٢٣ | دەمارگیری چاوساغان..! | بلال جلال |
| ٢٤ | ئامۆژگاری پێشەوایەك سەبارەت بە تێکەڵاوی بیدعەکاران | زانست |


**تێبینـــی** : بـۆ ئـەو فێرخـوازە ئازیزانـەی کـە دەیانـەوێت بابـــەتیان بڵاوبێتـــەوە ، زانســـت ئـــەو دەرفەتـــەیان بـــۆ دەڕەخســـێنێت ، بـــەڵام بابەتـــەکانیان بـــەپێی مـــەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراوە ئاماژە بە نـاوی سەرچـاوە بکرێـت ... ٣ . تـا دەتوانرێـت کـورت و پـوختکراو بێـت ... ٤ . ئامادەکـار نـاوی خـۆی و کۆلێـژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

✍ بـە ڕەخنــە و پێشـنیارەکانتان بڵاوکراوەکــەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .**

**دەستەی نووسەران :**

**جيهاد قادر**/ فێرخوازی ماستەر – ز . قاهیرە

**بلال جلال** / دراساتی ئیسلامی

**هێمن عبدالكريم** / دەرچووی کۆمپیوتەری هەولێر.

**صلاح فائق** / دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی.

**پشتیوان حسن** /دەرچووی ز.ئینگلیزی ، سلێمانی

تیراژ : ٥٠٠٠ دانە

# گرنگی و جوانی زانست لە کارپێکردنیدایە نەك لە زانینی بەتەنها

الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنْ لَا نَبيَّ بَعْدَهُ

بێگومان زانستی ئیسلامی و کلتورە بێ وێنەکەی گەوهـــەر و مـــرواری بـــەنرخی زۆری تێدایـــە بـــۆ پەروەردەیەکی دروستی تاکەکانی کۆمەڵگا و نەوەکانی و پەروەردەکردنیان و ڕووناك کاری ڕێگایـان لـە هەموو سـەردەم و کاتێکـدا .... بەشـێوەیەك تـەنها ئـەوەی هێشتووەتەوە کە تۆی تاکی موسڵمان و فێرخواز بەڕێز ئەوەندە بڕیاربدەی کە چەندت پێ پیـادە دەکرێـت ؟ پـاش ئـەوەی کـە خۆت چاوساغ و چاوڕۆشن دەکەی بـــە زانســــتەکانی و خـــۆت دەڕازێنیتــــەوە بـــەو گەوهـــەرە و مرواریانەی .




جا دەبێت بزانیت کە بەنرخ ڕاگرتنی ئەو زانست و بەها بەرزانە لەوەدایە کە تۆ کار و کرداریان پێ بکەیت و لـە ژیـانی ڕۆژانەتـدا پیادەیـان بکـەی ... چـونکە گرنگـی زانست لە پیادەکردنیدایە .

بۆیە بڵاوکراوەکەتان ( **بڵاوکراوەی زانست** ) بەدرێژایی ساڵانی پڕ شکۆی لەهەوڵی ئەوەبووە بەخامەی ڕەنگینیی تاکەکانی خۆتان هەموو گەوهەر و مرواریەکی بەنرختان بخاتە بەردەست ، بۆ ئەوەی ( **زانست** ) و ( **کارپێکردنی** ) ببنە دوو نیو بازنەی تەواوکاری یەکتر ، و هەردوو لەگەڵ یەك بزوێنەر و بەرەو پێشبەری تاك و کۆمەڵگابن لەسەردەمانێکدا کە یەکێکیان بێ ئەوی تر نایکرێت ، بەوەش تاکەکان بەپێی پەیرەوێکی دروست ژیان بەڕێوەبەرن و گەلەکەمان بەگشتی و فێرخوازان بەتایبەتی ئاواتی دواڕۆژی گەشی خۆیان بەدەست بێنێت .

دەسا فێرخوازانی خۆشەویستی زانکۆ و پەیمانگاکان : با بـەکارکردن و پیادەکردنمـان بـۆ ئـەو زانسـتەی کـە لەلامان گلاڵە بووە . هەریەك بەپێی ئەوەندەی کە پێمانە ـ هەوڵـەکانمان بخەینــەگڕ بــۆ خزمــەتکردنی تــاك و کۆمەڵگاکـەمان ، چـونکە هـەموو تـاکێکی موسـڵمان لـە ڕۆژی دواییدا پێکانی جێگۆڕکی ناکەن تاکو پرسیاری لــێ نـەکرێت لـەوەی کـە زانیویـەتی ، ئایا کردەوەی پێ کردووە یان نە ؟

وە بـا ( أبو الدرداء رضي الله عنه ) ئاسـا بترســین کــە دەیفــەرموو : مــن لــە پــەروەردگارم دەترسـم کــە لــە ڕۆژی دواییدا و لە پێش چاوی هەموو خەڵك پــێم بڵێــت : ئــەی عــوەیمر ، بڵــێم : بەڵــێ ئــەی پـەروەردگارم ، ئـەویش بڵێـت : کـردەوەی چیـت کـرد بەوەی کە دەتزانی و فێری بووی ؟ ( صحيح لغيره ) .

لەکۆتاییـدا گـەورەیی بەرپرسـیاری هەریـەکێك لـە ئێمـەی فێرخـواز ئاشـکرا دەبێـت ، کـە پێویسـتی بـە تێڕامان و وردبوونەوە ، و پاشان بە بەرنامە ڕێـژی ، و دواتــر پیــادەکردنی لــە واقــع ، و هەوڵــدان بــۆ بەگرخســتنەوەی تواناکــان هەیــە ، نــەك هــەموو کۆششەکان هـەر ووتـەی ڕەونەقدار وگـەورە بن ، وهیچ کردەوەیـەکیان لەگەڵـدا نـەبێت ، خـوای پـەروەردگاریش سەرخەری هەمووانە و پشتیوانی چاکەکارانە بۆ چاکە ، و (( نعوذ بالله من عِلْمٍ لا ينفع )) .

سەرنووسەر

## وەرزی نوێی خوێندن و تاوانكاری

الحمد لله رب العالمين, والصلاة والسلام على رسول الله الأمين:

ویڕای پیرۆزبایی و ئومێدی خۆشبەختی و سەرکەوتن بۆ هەموو خوێندکارانی ئازیز و موسڵمان بەهۆی دەستپێکردنەوەی دەوامی زانکۆو پەیمانگاکانەوە, بەئەرکی خۆمانی دەزانین ئامۆژگاری و بیرخستنەوەیەك بهێنینەوە یادی ئێوەی بەڕێز ئەوەش لەپێناو فەرمایشتی پێغەمبەری ئازیز صلی الله علیه وسلم کە کۆمەڵگای وێنا کردووە بە کەشتیەکی دووقات کە ئەگەر هاتوو ئەوانەی لەسەرەوەن ڕێگری نەکەن لە خەڵکانی خوارەوە لەوەی بنی کەشتیەکە بشکێنن و ئاو دەربکەن ئەوا هەموویان پێکەوە نوقمی ئاو دەبن.

بەڕێزان وەکو ئاشکرایە کە ڕەگەزی مرۆڤ لەوەتەی خوای کاربەجێ خولقاندوویەتی هەرلەوساتەوەختەوە ئارەزووی حەزو غەریزەی جنسیشی لەناخدا بەدی هێناوە, کە هەر بەسروشت هەردوو ڕەگەز حەز بەیەکتر دەکەن, وە ئیسلامیشی ناردووە وەکو پەیامێك بۆ ئەوەی ئەو دوو ڕەگەزە چۆن تووشی تاوان نەبن بەهۆی وروژاندن و بەرەلاکردنی هەستیانەوەو بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕێکی خستووەو لە کرداری هاوسەرگیریدا بەرجەستەی کردووەو گوزارشتی لێکردووە....




بۆیە دەبێت هۆشیاری بدرێت لەو شوێن و کاتانەدا کە ئەو دوو ڕەگەزەی تێدا کۆدەبنەوە چونکەمەترسی ڕووداونی چەندین تاوان و سەرپێچی لێ دەکرێت, ئازیزان خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً﴾ واتە: هەرگیز نزیك و توحنی زینا مەکەونەوە چونکە بەڕاستی کردەوەیەکی زۆر بێزراوو ناشرین وڕێگەیەکی پیس و خراپە. ئەگەر سەرنج بدەن لەئایەتەکە خوای گەورە فەرموویەتی " نزیکی مەکەونەوە" واتە ئەو کردەوەیە ئەوەندە بۆگەن و نەخوازراوە تەنانەت بەنزیك کەوتنەوە لێیشی موسڵمان تووشی پیێ هەڵخلیسکان دێت. وە یاخود نزیك پێشەکی و هەنگاوەکانی بەرەو زینا مەبنەوە کە بریتین لە تێکەڵاوی و سەیرکردن وزەردەخەنەو قسەکردن و مەوعید دانان, خوای گەورە خۆی مرۆڤی خولقاندووە ناخی مرۆڤ دەزانێت هەربۆیە ئەو ڕێگایانەی لەسەر حەرام و یاساغ کردوون بۆ ئەوەی تاکی داوێن پاك و پاکیزە پیێ بگات لەنێو کۆمەڵگەدا.

خوێندکارانی داوێن پاك و موسڵمان: لەبەر ئەوەی بەداخەوە زانکۆو پەیمانگاکانمان کوڕو کچ تێکەڵن بۆیە دینداری و خۆپاك ڕاگرتن لەو شوێنانەدا هەوڵ وکۆششی زیاد لەپێویستی دەوێت ئەوەش تەنها بەوە دەبێت کە پەیوەست بن بە دینەکەتانەوە لەفەرمانی خواو پێغەمبەرتان لامەدەن. وە دڵنیابن هەتا نارەحەتی و دژواری ببینن و ناحەزان تانەو تەشەرتان لێ بدەن لەسەر خۆڕاگریتان بەئیسلامەوە ئەوا بەردەوام پاداشتتان بۆ دەنوسرێت و لای خوا پلەتان بەرز دەبێتەوە, بۆیە خۆتان بەدووربگرن لەو تاوان و گوناهانەی کە زیاتر لەوێ ئەنجام دەدرێن وەکو: سەیرکردنی کوڕو کچان بۆ یەکتری قسەوپێکەنینی نێوان کوڕان کچان و گوێ گرتن لە گۆرانی و جگەرەکێشان و لەپێش هەموویانەوە

پابەندبن بە لەبەرکردنی جل و بەرگی شەرعی با ئافرەتان عابا بپۆشن و جوانی خۆیان بۆ کوڕان دەرنەخەن و کوڕانیش چاویان داخەن لەئاست نامەحرەم و جل وبەرگێك بپۆشن کە سیمای ئیسلامەتی پێوەدیاربێت نەوەك ئەو پانتۆڵە تەسك و سێ چارەکیانەی کە تەنانەت لەناونوێژیشدا عەورەتیان بەدەردەکەوێت.

پێویستە کوڕان ئەو ڕاستیە بزانن کە خۆیشیان خوشك و خوشکەزاو دایکیان هەیە و چۆن نایانەوێت خەڵکی دەستیان بۆدرێژبکات ئاوهایش ئەو کچانە کەس و کاریان هەیە و وەکو ئێوە غیرەتیان ئەجوڵێت. بۆئەو مەبەستە ڕووداوێکی سەردەمی پێغەمبەرتان صلى الله عليه وسلم بۆ باس دەکەم: جارێکیان لاوێکی تازە پێگەیشتوو لە پێغەمبەر دەخوازێ مۆڵەتی زینای بدات! خەڵکەکەی دەوروبەری پێیان ناخۆش بوو ویستیان دەمکوتی بکەن, پاشان پێغەمبەر هێوری کردنەوەو ڕووی کردە لاوەکە و فەرمووی: ئەرێ حەز دەکەی خەڵکی لەگەڵ دایك و خوشك و پورتا زینا بکات؟ لاوەکە ووتی: نەخێر, دایك و باوکم بە قوربانت بێت. ئەویش فەرمووی: دەسا خەڵکیش حەزناکەن تۆ لەگەڵ کەس وکاریانا زینا بکەیت, پاشان دەستی پیرۆزی خستەسەرشانی و فەرمووی: خوایە! لەم گەنجە خۆشببە, دڵی لە گوناح پاکەوە بکە, عەورەتی لەکاری حەرام بپارێزە, ئیتر لاوەکە براوبڕ بیری لەو شتانە نەکردەوە.

خوێنەری خۆشەویست ئەی ئەو کەسەی ئێستا ئەم ووشانە دەخوێنیتەوە: ئەو ڕاستیە بزانە کە ئێمەی مرۆڤ دوو دوژمنی سەرسەختمان هەیە کە هەمیشە لەهەوڵدان بۆ ئەوەی فریومان بدەن و تووشمان بکەن, یەکێکیان دوژمنی ناوەکیە ئەویش نەفسە کە هەردەم فەرمان بە خراپە دەکات و دەیەوێت خاوەنەکەی تووشی هەڵدێر بکات, ئەوی تریش دوژمنی دەرەکی وناوەکیە کە شەیتانە, شەیتانیش پێویست بەناساندن ناکات دڵنیام هەموومان دەیناسین بەهۆی ئەو ئایەت و فەرموودانەوە کەباسی فێڵ و تەڵەکەکانی دەکات دژ بە ئێمە. کەوابوو ئەگەر کەسێك دوو دوژمنی هەبێت و هەمیشەش لە هەوڵدا بن بۆ لەخشتەبردنی, ئیتر دەبێت ئێمە چۆن لەهەوڵدا نەبین بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و نارەحەتی نەچێژین؟ بۆیە باخۆمان پڕچەك بکەین بە فێربوونی زانستی شەرعی و عیبادەت و خۆپارێزی بکەین لە تاوان وسەرپێچی و لەگەڵ بڕادەری چاکەخوازو پابەندبەدینەوە هەڵسوکەوت بکەین و ببین بە چرایەك بۆ ڕووناکی و نموونەیەکی جوان بۆ دەوروپشتمان, هەتا ئەبین بەو بەندانەی کە خودی شەیتان لەبارەیانەوە دەڵێت:﴿ ....لأغْـوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِـينَ (٣٩) إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمْ الْمُخْلَصِينَ﴾ واتە: شەرت بێت لە زەویدا هەموو گوناهو تاوانێکیان لا جوان و شیرین بکەم هەرهەموویان سەرلێ شێواو وسەرگەردان بکەم جگە لە بەندە پوخت ودڵسۆزەکانی خۆت نەبێت. جا بۆ ئەوەی ببین بەیەکێك لەوبەند دڵسۆزانە با هەمیشە لە ناو خواپەرستیدا بین لەهەموو شوێن و کاتێکدا لەماڵەوە, لە کاتی دەوام, لەفەرمانگە, لەبازاڕ .... دەم بەزیکربین چاولەخوار بین لەئاست نامەحرەم کەم قسەو کەم پێکەنین بین ڕەفتارمان قورئانیانە بێت ڕوولەخواو پشت لەشەیتان بیت بۆ ئەوەی خوا وەرمان بگرێت لە: ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ ....﴾ واتە: بەڕاستی بەندە چاك وپاکەکانی من بەتۆ(شەیتان) فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەلاتێکت نیە بەسەریاندا.

**پشتیوان حسن کەرەم**

**دەرچووی ئینگلیزی**

## پاداشتی خوێندنی سورەتی مولك

الحمدلله حمدا يبلغ رضاه، وصلى الله على أشرف من اجتباه، وعلى من صاحبه ووالاه، وسلم تسليما لا يدرك منتهاه قورئان هەمووی وتەی خوای پەروەردگارە و لە ڕێگەی جبريلەوە – عليه السلام – ناردوویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بۆ ئەوەی خەڵکی لە :

گومڕاییەکانی کوفر و شیرك و ستەمەوە دەربکات بۆ ڕووناکیەکانی یەکتاپەرستی و باوەڕ و دادپەروەری .

خەڵکی لە بەندایەتی بەندەکان ڕزگاربکات بۆ بەندایەتیکردن بۆ خوای بەندەکان .

خەڵکی لە ڕەوشت نزمی و خراپەکاری دەربکات بۆ ڕەوشت بەرزی و چاکەکاری .

ئەم قورئانە پیرۆز و پڕ بەرەکەتە هەر سورەت و ئایەتێکی بخوێنیتەوە خێر و پاداشتی گەورەت دەست دەکەوێت بەڵام هەندێك سورەتی تێدایە تایبەتمەندی زیاتری هەیە و خوێنەرەکەی پاداشتی زیاتری دەست دەکەوێت ، یەکێك لەو سورەتانەش سورەتی مولکە .

### سورەتی مولك باسی چی دەکات؟

باسی چەندین بابەتی گەورە دەکات هەندێك لەوانە :

١ . دەسەڵاتی خوا سبحانە لەوەی کە موڵکی بە دەستە و مردن و ژیانی بۆ تاقیکردنەوە دروست کردووە ، و ئاسمانەکانی بەرێك و پێکی بەدیهێناوە .

٢ . باسی سزای بێباوەڕان دەکات کە دەخرێنە ناو دۆزەخەوە لەکاتێکدا کە دۆزەخ ناڵەو قیژەی لێوە دێت ، و لە ڕق و قینی بێباوەڕان و تاوانبارانىدا خەریکە پارچە پارچە ببێت ، ئەوسا لەو بارە ناڕەحەتەدا دۆزەخیەکان دان بە تاوانەکانی خۆیاندا دەنێن و پەشیمانی دەکێشن و دەڵێن : ئەگەر گوێمان بگرتبایە و ژیریمان بە کاربهێنایە ئەوا لە جێنیشانی دۆزەخ نەدەبووین بەڵام پەشیمان بوونەوە لە کاتی خۆیدا نەبێت سوودی چیە ؟ هیچ ...

٣ . باسی پاداشتی ئەو کەسانە دەکات کە لە پەنهانیدا و لەکاتێك دا چاوی خەڵکیان لەسەر نیە لە خوا دەترسن و خۆیان لە تاوان بە دوور دەگرن ، لێخۆشبوون و پاداشتی زۆر گەورە چاوەڕوانیان دەکات کە بریتیە لە بەهەشتێك پانتاییەکەی ئەوەندەی پانتایی ئاسمانەکان و زەوییە و ئەوەی نەفس حەزی لێبکات و چاو پێی ئۆقرە بگرێت تێیدایە و بەهەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە .

### پاداشتی خوێندنی سورەتی مولك

١ . **پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :**

" سورة من القرآن ثلاثون آية تشفع لصاحبها حتى تغفر له ( تبارك الذي بيده الملك ) "( صحيح الجامع : رقم ٢٠٢٧ ) .

**واتە : سورەتێك هەیە لە قورئاندا سی ئایەتە شەفاعەت و تکا بۆ خاوەنەکەی دەکات تاوەکو خوا سبحانە لێی خۆش دەبێت ئەم سورەتەش بریتیە لە** ( تبارك الذي بيده الملك ) .

٢ . **( ابن مسعود ) خوای لێ ڕازی بێت فەرموویەتی :**

( هي المانعة بإذن الله – عزوجل – من عذاب القبر ) ( إسناده حسن / السلسلة الصحيحة : رقم ١١٤٠ ) .

**واتە : ئەم سورەتە ڕێگرە لە سزای گۆڕ .**

٣ . **( جابر )ی کوڕی ( عبدالله ) دەفەرموێت :** " كان رسول الله لا ينام حتى يقرأ ( ألم تنزيل ) السجدة ، و ( تبارك الذي بيده الملك) ( صححه الألباني في السلسلة الصحيحة : رقم ٥٨٥ ) .

**واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەدەخەوت تاوەکو ئەم سورەتەی نەخوێندایە** ( السجدة ) و ( الملك ) .

**ئایا لە دوای بیستنی ئەم فەرموودانە دڵت داوای خوێندنی ئەو سورەتەت لێدەکات ؟**

**ئەگەر ( بەڵێ ) ئەوە نیشانەی زیندوویەتیەتی و بەقسەی بکە و شەوان پێش خەوتنت بیخوێنە بۆ ئەوەی لە سزای گۆڕ ڕزگارت ببێت و شەفاعەتت بۆ بکات .**

**ئەگەر ( نەخێر ) ئەوە نیشانەی نەخۆشیەتی بۆیە هەستە بە چارەسەرکردنی پێش ئەوەی بمرێت .**

والحمدلله والصلاة والسلام علی رسول الله

**إدریس محمود / دەرچووی یاسا**

## ئایا ڕازیت بەپەروەردگاریتی الله ...؟!

((رَضيتُ باللهِ رَبّاً.وَبالإسلامِ دِيناً وَبمحَمدٍ(ﷺ) نَبيّاً)).

ئەی ئەوانەی خوای پەردوەردگار بە خوای خۆتان ئەزانن و بەدروستکار و بەدیهێنەرتان دەیزانن, بیرتان لەم زیکرە پیرۆزە کردۆتەوە کەبەختەوەری دنیاو دواڕۆژی پێوە بەستراوە؟

بەرێزەکان ئەم زیکرە واتە: پەروەردگارا من ڕازیم بەپەروەردگاریتی تۆ, وەبەدینی ئیسلام, وەبەپێغەمبەرایەتی موحەممەد(صلی الله علیه وسلم). باشە بابزانین پاداشتی چیە. پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەفەرموێ: هەرکەسێ لە بەیانیدا سێ جار بخوێنێ ولەو بەیانیەدا وەفاتبکات دەچێتە بەهەشتەوە, وەلەئێوارەدا بیخوێنێ و وەفاتبکات دەچێتە بەهشتەوە. بەڕاستی جێی داخە هەریەك لەئێمە لەبەرمان نەبێ ولەکاتەکانی خۆیدا نەی خوێنین,چونکە هیچ گرانیەك نیە لەخوێندنیداو پاداشتەکەشی زۆر بەنرخە کەبەهەشتە. باشە بابزانین چۆن بەم چەن ووشەیە ئەم پاداشتە گەورەو گرانە بەختەوەری هەردوو دنیای پێ بەدەست دێ ؟ خۆشەویستان کەتۆ ئەڵێی ڕازیم بەپەروەردگاریتی الله, ئەبێت بەڕاستی و بەعەمەلی ئەمە جێ بەجێ بکەیت.



کەواتە ئەبی ڕازیبیت بەوەی کەخوای پەروەردگار هەرچیەکی فەرموبێت بەلاتەوە سەیرنەبێت وجێی گومان ودوو دڵی نەبێت. وەهەرچیی فەرمانێکی بەسەرادابی ناڕەزایی لەدژی دەرنەبڕی, وەنەهی لێ کردی لە هەرچیەك مەڵی بوچی ئەی چۆن ئەی وانابێ والله ئەمە بەکەس ناکرێت...هتد, وەهەرکاتێ توشی نارەحەتیەك بویت, باوات لێ نەیەت وەك دنیاودوارۆژت دۆڕاندبێت. ئەم جۆرە وتانەت بەتەواوی پێچەوانەی ڕازیبونەکەتە.ئەی چۆن ڕازیت و ڕەخنەش دەگری و ئەوشتانەی دینی ئیسلام پێی هاتووە پێت هەزم ناکرێت و توشی ئازارێك بیت ناشوکری دەکەی! بۆیە دوشتی دژیەك لەیەك دڵدا کۆنابێتەوە. جا ئەگەر وابێت ئەوا هەم لەدنیا دڵتەنگ وبێزاری وە لەدواڕۆژیشدا پاداشتت نابێت هەرخوت زەرەرمەند دەبیت. کەواتە برابەڕێزەکەم بادڵت ئارام بێت بە فەرمان ونەهی و نێردراوەکەی و دینەکەی خوای پەروەردگار.چونکە تۆ ئەزانی خۆی بەدیهێنەری ئەرزو ئاسمانەکان و تۆو هەموو بوونەوەرەکانە, کەواتە باشیش بزانە هەرخۆیشی ئەزانێ چۆن بەڕێوەی ئەبات وەچۆن و چی فەرمانێك ئەدات . کەتۆ زانیت پەروەردگار هیچ شتێك بەبێ هود ناکات هەر بڕیارێك ئەدات بێ حیکمەت نیە پاك وبێگەردی بۆ پەروەردگار, وەڕازیش بویت و بەدڵیکی فراوانەوە جێ بەجێیت کرد ئەوا ووتەو کردەوەکەت یەك دەبن وبەختەوەری ئەم دنیاوئەو دنیاش بەدەست دێنی بە ئیزنی خوای گەورە. چونکە خەفەت ناخۆی بۆئەوەی لەدەستی ئەدەی یان توشی موصیبەتێك ئەبیت هەرئەڵیی خوای گەورە باش دەزانێت ئارامی لەسەردەگری و بێزارنابیت بەم شێوەیە سەرفرازو دڵ خوش ئەبیت وپاداشتی موصیبەتەکەش لای پەروەردگارتە. بەهەمان شێوە بۆ شتەکانی تریش وەك ئەوفەرمانانەی لەقورئانە پیرۆزەکەیدا ئەمری پێ کردوون یان ئەو خەبەرانەی باسی کردوون یان ئەو موعجیزاتانەی پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) پێی هاتوون یان خەبەری لەسەرداون یان ئەو دەستورانەی کەئیسلام پێی هاتوون. بەکورتی دڵت تەسلیمی پەروەدگاربکەوسەرفرازی هەردوو دونیا بەدەست بهێنە.

**سامان جبرئیل**

**دەرچووی بەشی ئینگلیزی ، زانکۆی صلاح الدین**

## تا چەند نوێژەکانمان لە کاری خراپە

## دەمان گێڕێتەوە ؟!

الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنْ لَا نَبِيَّ بَعْدَهُ، لە پاشاندا:. شەیدایانی (زانست)ی ئازیزو خۆشەویست، بێگومان نوێژ یەکێکە لە پایەکانی ئیسلامو بە بێ نوێژ ئیسلامەتی هیچ مرۆیەك تەواو نابێت، کە ئەگەر کەسێك نوێژ نەکات ئەوا ئەو کەسە گوناهێکی گەورەی کردوە، لە کاتێکدا باوەڕی بە واجبیەتی نوێژ هەبێت، وبە تەمبەڵی نەیکات، ئەگینا کە باوەڕی بە واجبیەتی نەبێت ئەوا هەر کافر دەبێت، گوتراویشە: باوەڕی پێی هەبێتو نەبێت کافرە، مادام نایکات! جا دەبینین پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمانی پێکردووین بە نوێژ کردن، هەروەکو لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت:((صَلّوا، كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي))، مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. واتە:(نوێژ بکەن، هەروەکو چۆن منتان بینیوە نوێژ دەکەم)، یانی چۆن پێغەمبەر (ﷺ)، نوێژی کردووە دەبێت ئێمەش بەم شێوازە نوێژ بکەین، گەرچی بابەتەکەم لێرەدا بۆ ئەوە نیە ئاخۆ نوێژ بکەین؟! بەڵکو کاتێك دەبینیت کەسانێك نوێژ دەکەن، بەڵام چۆن نوێژێك؟! ئاخر خۆ نوێژ هەر ئەوە نیە بریتی بێت لە چەند سوجدەو ڕکوعێك، بەڵکو لەگەل ئەمەش، نوێژ ئەوەیە کە بەرهەڵستیت لێ بکات لە کردنی گوناهو تاوان، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرمووێت: ﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ﴾العنكبوت:




٤٥. واتە: (نوێژیش بە ڕێك و پێکی ئەنجام بدە؛ چونکە بەڕاستی نوێژی تێرو تەسەل بەرهەڵستی لە گوناهو تاوانو نادروستی دەکات).

کەواتە:. لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە دەبێت نوێژ بتپارێزێت لە گوناهو تاوانو قسەی خراپ، کەچی مەخابن زۆرجار هەیە دەبینی کەسانێك لە مزگەوت لە دوای ئیمامەوە نوێژ دەکەن، کەچی کاتێکیش لە مزگەوت دەرچوون، ئەوا هاواری غەیری خوا دەکەن، یان سوێند بە جگە لە خوا، یا بە درۆ دەخۆن، یانیش درۆ دەکەن، وماڵی خەڵکی بە نارەوا دەخۆن، ولەو لاشەوە زۆرجار ئافرەتانێك دەبینیت سفورن، کەچی کە کاتی نوێژ هات، ئەوا پۆشاکێك لەبەر دەکەنو دەست دەکەن بە نوێژ کردن، جا ئەرێ نوێژ کردن بەم شێوەیە دەبێت؟! یاخود هەروەکو خوای گەورە فەرمووی: نوێژ دەت پارێزێتو بەرهەڵستیت دەکات لە تاوان؟! بۆیە تا ئێستا لە خۆتت پرسیووە ئاخۆ بۆچی نوێژ دەکەیت؟! مەگەر پێت وایە دابو نەریتێکەو لە بابو باپیرانەوە بۆت بە جێ ماوە؟! یانیش پەرستشو عیبادەتێکە لەبەر ڕەزامەندی خوا دەیکەیت؟!

ئەوەتا لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە ئەبو هوڕەیرە . ڕەزامەندی خوای لێبێت . گێڕاویەتیەوەو دەفەرمووێت: قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنَّ فُلَانَةَ ـ يُذْكَرُ مِنْ كَثْرَةِ صَلَاتِهَا وَصِيَامِهَا وَصَدَقَتِهَا ـ غَيْرَ أَنَّهَا تُؤْذِي جِيرَانَهَا بِلِسَانِهَا؟ قَالَ: ((هِيَ فِي النَّارِ))، سلسلة الصحيحة: ١٩٠، واتە:(پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بەڕاستی فلان

ئافرەتە لەبەر زۆری نوێژو بە ڕۆژوبوون و بەخشینیەوە باس دەکرێت، جگە لەوەی بەڕاستی بە زوبانی ئازاری دراوسێکەی دەدات! پێغەمبەریش (ﷺ)، فەرمووی: ئەو لە ناو ئاگر دایە).

شێخ صالح فەوزان ـ خوای گەورە بیپارێزێت ـ دەفەرموووێت:(نوێژی ڕاست و دروست ئەو نوێژەیە کە کاریگەری هەبێت لەسەر هەڵس و کەوت و کاری بەندەکان، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ ﴾، جا ئەو کەسەی نوێژ دەکات بە ئامادەبوونی دڵ و ترس و لەرزەوە لە بەرامبەر خوا گەورە، ئەوا نوێژێکی تەواو و بەسودی کردووە، ودەشیگێڕێتەوە لە گوناهو تاوان، وپێشی دەگات بە خۆش بەختی، بەڵام هەندێك کەس نوێژ دەکات، کەچی بەداخەوە نوێژێکی بەرچاوییە، وبە بێ ئامادەبوونی دڵ و خشوعیشە، بەڵکو دڵی لە دۆڵێکەو لاشەشی لە دۆڵێکی تر!! جا ئەو کەسە لە ڕێگەی نوێژەکەیەوە ناگات بە هیچ شتێك. المنتقی من فتاوی الشیخ الفوزان:٣ / ٥٤،٥٣.

سۆران عثمان

دەرچووی ئامار، ز.صلاح الدین.

........................................

## تاقی کردنەوەیەکی خۆت بکە..!

ئەو کەسەی کەدڵی ناجوڵێت و قورئان و سوننەت نابێتە ئامۆژگاریکەری ئەم بابەتە سودی بۆی نیە ، بەڵێ ڕۆشتنە ناو گۆڕستان و تێفکران لەناو گۆڕ ، هەروەها بیرکردنەوە لەحاڵی ئەو کەسانەی کە لەسەرەمەرگدان ، ئەم شتانە بێگومان کاریگەرن ,,! چونکە مردن ئامۆژگاریکەرو ترسێنەرە ، چونکە مـردن سەرەتای هەموو ئەو ناخۆشیانەیە کەدوای مردن دێنە ڕێی مرۆڤـ ، جا خۆشەویستەکەم کێیە ئەو کەسەی کەپەندو ئامۆژگاری وەردەگرێت لە سەردانی گۆڕستان ، وە لەحاڵی ئەو کەسانەی کەلەساتە وەختی گیان کێشان دان ، سوێن بەخوای تاك و تەنیا ئەگەر تۆزێ بیرکەینەوە گریانمان بۆحاڵی خۆمان دێت کەچەن تاوان بارو بێدەسەلاتین ، جا بابیرکەینەوە لە کاتانەی کەلەم دونیاوە بەرەو دونیایەکی تر دەڕۆین ، بابیر لەناخۆشیەکانی ڕۆژی قیامەت و نەهامەتیەکانی ناوگۆڕ بکەینەوە ، مرۆڤی ژیر وا لەم دونیا تێدەگات کە ڕێگایەکە بۆ پەڕینەوە نەك ماڵێك بێت بۆ مانەوە !! وە ئەگەر تەنها قورئان بکەینە سەرمەشقمان بەسە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری کەرمان بێت ، بەڵام دڵی زۆرێك لەموسلمانان ناڵێم هەمووی !! لە تاوێری شاخەکان ڕەق ترە ، بەبەڵگەی ئەوەی بە ئایەتەکانی خودا دەترسێنرێت بەڵام ناترسیت ، فەرمانیان پێدەکرێت بەچاکە بەڵام نایکەن ، ڕێگیریان لێدەکرێت لەخراپە کەچی دەیکەن ، هەر کەسێك لە ئێمە باپرسیار لەخۆی بکات کە کاتیك دەگاتە ئایەتێك کەباس لە نەهامەتی قیامەت دەکات یان گوێی لە ئایەتی : ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ﴾ دەبێت ئایا دڵی ڕادەچەڵەکێت !!؟ باخۆی تاقی کاتەوە ، یان کاتێك کەسورەتی هود دەخوێنیتەوە کە پێغەمبەر دەفەرموێت : سورەتی هود و هاوشێوەکانی پیریان کردم ، هیچ کاریکت تێدەکات ؟!! واللە زۆر کەس هەن هیچ جیاواز نیە بەلایەوە چ سورەتێ بخوێنێ یان هەر هەوالێکی تر لەگۆڤارێکا ، من باسی خەیاڵ ناکەم باسی ئەو واقعە تاڵە دەکەم کە من و تۆی تێدا دەژین ، جا پرسیار لەخۆت بکە بۆچی ئەژیت و لەسەر چی ئەمریت !؟؟ وە چیت کردووە بۆ دوا ڕۆژی خۆت ؟!! دواجار پێت ئەڵێم بۆساتێکیش بێت نەفسی گوناحکارت سەرزەنشت بکەو بیرکەوە ..!! ئایا خودای گەورە لیت رازییە یان نا ,,؟!!

کاروان باقی

دەرچووی عەرەبی

## بێدەنگی خوشکان لە ئاست هەڵەی

## خوشکانی تر بۆ؟!

الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنْ لَا نَبيَّ بَعْدَهُ، وبعد:

خوشکە خۆشەویستەکەم، ئەی دایکی کۆمەڵگا و بینایی چاوی دایك و باوك و هاوسەرت، وەك پەروەردەکارێکی منداڵەکانت و مامۆستای هاوسەر و خوشکەکانت تکایە بە وردی سەرنجی قسەکانم بدە و ئەم کۆمەڵە ئامۆژگاریەم لێوەربگرە...

ئازیزی دڵی نزیکەکانت وەرە لەگەڵم با سەیرێکی کۆمەڵگاکەمان بکەین بزانین چی لێ بەسەرهاتوە!

خوشکەکەم ئەوە بزانە بە ڕەوشتە جوانەکان و هەڵسوکەوتە بەرزەکانی تۆ دونیا ڕوناك ئەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە بە کردنی تەنها هەڵەیەك دونیا تاریك ئەبێت، بە مانایەکی تر باش بونی تۆ باش بونی کۆمەڵگایە و خراپ بونی تۆ خراپ بونی کۆمەڵگایە...

بە پشتیوانی خوای گەورە کۆمەڵێك لەو تاوانانەی کە ڕۆژانە ئەیانبینین و ئەیانبیستین و خوشکانی ئێستای تێکەوتوە باس دەکەین:

یەکێك لە دیارترین ئەو تاوانانە گۆرانی وتن و مۆسیقا لێدانە، خوشکەکەم خوای پەروەردگار بە خێزانەکانی پێغەمبەری خوای صلى الله علیه وسلم ئەفەرموو دەنگیان بەرزنەکەنەوە و ناسکی نەکەنەوە لەکاتێکدا کە ئەوان لە هەموو ئافرەتانی دونیا پاکترن ﴿يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَعْرُوفًا﴾ (الأحزاب:٣٢) واتە: ئەی ژنانی پەیامبەر (صلى الله علیه وسلم) هەرگیز ئێوە وەك هیچ یەکێ لە ژنانیتر نین ئەگەر ئێوە لەخوا بترسن، بێ شك حیساب و پاداشتان زۆر و فراوانە دەسا لەگەڵ



نامەحرەمدا قسە بەنەرمیی و ناسکیی و نازەوە مەکەن، واتە: لەکاتی وتە و گوفتاردا دەنگتان نەرم و ناسك مەکەن لەگەڵیاندا نەوەکو ئەو کەسەی کە دڵی نەخۆشی(خراپ و بەدرەوشتی) تێدایە، تەماح بیگرێ و بورووژێت ئەبێ ئێوە هەمیشە قسەی چاك و شیاو بکەن، و لەگەڵ نامەحرەمدا وا قسە نەکەن، کە لەگەڵ مێردی خۆتاندا دەیکەن. ئاشکرایە ئافرەتان و ژنانی موسڵمانیش لەم حوکمەدا، هاوبەشی ژنەکانی پێغەمبەرن، واتە: هەر ئاراستە و فەرمانێك بۆ ئەوان دەرچوو، بێ شك بۆ ئەمانیشە. ئاخۆ ئەبێت ئێمە لەم سەردەمە پیسەدا کە پڕە لە فیتنە چۆن خۆمان بپارێزین؟ ئایا خۆت بە تاوانبار نازانیت بەرامبەر حاڵی ئەم خوشکانە کە کەوتونەتە گۆرانی وتن؟ بۆچی خوشکان ئاگادار ناکەیتەوە؟

کۆمەڵێکی تر لە خوشکان کاتەکانیان بە سەیرکردنی زنجیرە فیلم ئەکوژن و پاشانیش لاسای کردنەوەی ئەکتەرەکان لە شێوازی لەبەرکردنی جل و بەرگ و قسە و ڕەوشتیان..... ئایا پێت ناخۆش نیە کە ئەم خوشکانە لەم بارودۆخەیان؟ پێغەمبەری خوا(صلى الله علیه وسلم) ئەفەرموێت:" مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ " رواه أبو داود (اللباس / ٣٥١٢)

سبحان الله هەتا ئەم پلەیە هاوڕێ و خزم و خوشکەکانت بێئاگان و تۆش دەستەوەستانی لەبەرامبەریان لەکاتێکدا سوێند بەخوا هەرگیز حەز ناکەیت خۆت لەو حاڵەدا بیت، دەی بیرت بێت پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) ئەفەرموێت: "لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ" متفق علیه.! واتە: باوەڕتان تەواو نابێت هەتا ئەوەی بۆ خۆتان پێتان خۆشە بۆ برا موسوڵمانەکەشتان پێخۆش

نەبێ.

دەی ئایا " بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً " شت بیرچۆتەوە؟

زۆر لە هاوڕێ و دەستە خوشەکەکانت جل و بەرگیان لەبەردایە بەڵام ڕووت و سەرنج ڕاکێشن! و سەرپۆشیان کردوە بەڵام پرچیان وەك پشتی حوشتر بەرز کردتۆتەوە تۆ ئەتوانی ئەو فەرموودەیان بیربخەیتەوە و بۆیان ڕون بکەیتەوە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: دوو پۆل لە ئەهلی ئاگرن من نەمبینیون: کۆمەڵێك شەلاقیان پێیە هەروەك کلکی مانگا لە خەڵکی پێ دەدەن.. وە ئەو ئافرەتانەش کە خۆ دەرخەرن و پۆشاکیان تەنك و تیوارە و مەیلدارن و سەرنجڕاکێشەرن وە سەر و پرچیان وەك پشتی حوشتر بەرز دەکەنەوە, ئەوانە ناچنە بەهەشت و بۆنیشی ناکەن کە بۆنی بەهەشت لە ئەوەندە و ئەوەندە بۆنی دەکرێ, وە لە ڕیوایەتێکی تردا: بەڕاستی بۆنەکەی بە ڕێگای پێنج سەد ساڵ دەڕوات. رواه مسلم في صحيحه

خوشکەکەم تۆ بێدەنگیت لە ئاست ئەو هەموو تاوان و هەڵانەی کە خوشکان تێی کەوتون و خەریکە خێزانەکان و پاشانیش کۆمەڵگا بەتەواوی لەناو ئەچێت!

تکایە ئامۆژگاری ئەم خوشکە بچوکەت وەربگرە و هەوڵبدە ئەوەنەی ئەتوانیت خوشکانی دەورووبەرت ئاگادار بکەیتەوە، دڵنیابە ئەوە ئەرکی سەرشانی تۆیە لەوەی ئەیزانیت فێری ئەوانی بکەیت و پێیان ڕابگەیەنیت...

اللهم اهدنا واهد بنا واجعلنا سببا لمن اهتدی.

**ڕێناس محمد**

دەرچووی ز. ئینگلیزی ، ز.سلێمانی

## نەهاتوم بۆ ئەوەی فیل ببینم !!!

دەگێرنەوە کەوا لە سەردەمی پێشەوا مالکی کوری ئەنەس و لە کاتی وانە وتنەوە لە مزگەوتدا کەسێك هاواری کرد و ووتی : هۆ خەڵکینە بروانن ئەوە فیلێکە و هێنراوە بۆ بازار , خەڵکی ئەو سەردەمەش لەبەر ئەوەی زۆرینەیان تا ئەو کاتە فیلیان نەبینبوو تەنها مەگەر لە چیرۆك و بەسەرهاتەکان بۆیان باسکرابێت یان لە ڕێگەی گێرانەوەی کەسانی ترەوە کە پێشتر فیلیان بینیبو, بۆیە هەر هەموویان ڕۆشتن بەرەو بازار بۆ بینیی ئەم گیانلەبەرە زل و سەیر و سەمەرەیە و هیچ کام لە قوتابیەکانیش لەوێ نەمان تەنها یەکێك لە قوتابیە دڵسۆزەکان نەبێت کە ئەویش ( يحيى کوری يحيى الليثي ) بوو .

پێشەوا مالکیش لیی پرسی : تۆ بۆ چی نەرۆشتی بۆ بینینی فیلە کە ؟ دیارە پێشتر فیلت بینیوە ؟

ئەویش وتی : نەخێر من هەرگیز فیلم نەبینیوە , بەڵام من هاتووم بۆ بینینی مالك و زانست لێ وەرگرتنی , نەهاتوم بۆ ئەوەی فیل ببینم .

خوای گەورەش بەوە پاداشتی ئەم قوتابیەی دایەوە کەوا سەرەرای ئەوەی کە لە قوتابیە بچوکەکانی پێشەوا مالکەو چەندین گێرانەوەی کەسانی تر بۆ کتێبی ( الموطأ ) ی پێشەوا مالك هەیە کە لە تەمەن گەورەتر و لەپلەدا لەم بەرزترن , بەڵام خوای گەورە ئەو بەرەکەتەی کە داویەتی بە گێرانەوەکەی یحیی زۆر زیاترە لەوەکانی تر و گێرانەوەکەی یحیی لە هەموویان زیاتر بڵاوە و جێی متمانەیە .

ئەم بەسەرهاتەش ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خوامان دێنێتەوە یاد کە دەفەرموێت " من ترك شيئاً لله عوضه الله خيراً منه " (رواه احمد). واتە : هەرکەسێك لە پێناو خوای گەورە دەستبەرداری شتێك ببێت , ئەوا خوای گەورە جێگەی ئەو شتەی بۆ دەگرێتەوە بە باشتر .

**فلاح حسن**

دەرچووی ئینگلیزی

## تەمەن دەڕوات

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

**برا و خوشکانی بەڕێزم : ئێمە لەم دونیایەدا ڕێبوارین و سەفەرێکی دوور و درێژمان لە پێشە ، و تەمەنی هەموو یەکێك لە ئێمە دەڕوات و تەواو دەبێت و ئەبێت تالاوی مردن بچێژین، و بەرەو ئەو ژیانە هەتا هەتایە بەڕێ بکەوین ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ﴾.**

**خۆشەویستان :**

**هەموومان باش باش دەزانین کە ئەمڕۆ نا سبەی تەمەنمان کۆتایی دێت و دەمرین ودەخرێینە ناو قەبرێکی تەنگ و تاریکەوە ، و پاشان زیندوو دەکرێینەوە و پرسیارمان لێ دەکرێت .**

**ئەوەی کەوا زەمانی وەڵامدانەوەمانە بە شێوەیەکی تەواو و دروست بۆ ئەو دوو فریشە بەڕێزە بریتی یە لە کردەوە چاکەکانی ئەمڕۆمان ، جا پێم خۆشە بوو لەم بابەتە کورتەدا هەندێك لەو کردەوە چاکانەی کەوا ((ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە و ساڵانە))یە باس بکەم بە ئومێدی ئەوەی من و تۆش سوودی لێ ببینین و بتوانین بە پێی توانا جێ بە جێ یان بکەین بەڵکو ببێتە هۆی ڕوناکی و فراوانی قەبرەکەمان ، و لە ڕۆژی دوایشدا بە بەهەشتی بەرین شاد ببین .**

**یەکەم : ئەو کردەوە چاکانەی کەوا ڕۆژانەیە**(الأعمال اليومية)

**١- نوێژەکان بە جەماعەت لە مزگەوت .**

**٢- نوێژە سونەتەکان (پاش و پێش نوێژە فەرزەکان ، شەو نوێژ لەگەڵ وتر ،و چێشتەنگا ...) .**

**٣- زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران و دوای نوێژە فەرزەکان و پێش خەوتن و لەخەوهەستان ...**

**٤- خوێندنی قورئان جوزئێك یان کەمتر .**

**٥- وەڵامدانەوەی بانگبێژ .**

**٦- دوعا و پاڕانەوە .**

**دووووەم : ئەو کردەوە چاکانەی کەوا هەفتانەیە** (الأعمال الأسبوعية)

**١- خوێندنی سورەتی (الكهف) لە ڕۆژانی هەینی .**

**٢- ئامادە بوون و زوو ڕۆشتن بۆ نوێژی هەینی .**




**٣- ڕۆژوو گرتنی دوو شەممان و پێنج شەممان.**

**٤- سەردانی کردنی نەخۆشێك.**

**٥- دانانی کاتێك بۆ موحاسەبە کردنی نەفست .**

**سێ یەم : ئەو کردەوە چاکانەی کەوا مانگانەیە** (الأعمال الشهرية)

**١- ڕۆژوو گرتنی** (أيام البيض)

**واتە : (١٣ و ١٤و ١٥) ی مانگی کۆچی .**

**٢- بەجێ گەیاندنی سیلەی ڕەحم و سەردانی کردنی کەسە نزیکەکانت .**

**٣- صەدەقە کردن بە بەخشینی هەندێك پارە بە فەقیر.**

**٤- سەردان کردنی گۆڕستان و بیرکردنەوە لە مردن .**

**٥- بڵاوکردنەوەی کتێب یان نامیلکە بەسەر هاوڕێ و خزم و کەسە نزیکەکانی خۆتدا .**

**چوارەم : ئەو کردەوە چاکانەی کەوا ساڵانەیە** (الأعمال السنوية)

١- ڕۆژوو گرتنی (٩ و ١٠) ی موحەڕڕەم .

٢- ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان و زیندوو کردنەوەی دەشەوی کۆتایی .

٣- ڕۆژوو گرتنی شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال (شەشەڵان) .

٤- عومرە کرن .

٥- بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژی عەرەفە .

٦- کردەوەی چاکە زۆر کردن لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی حاجیان .

**پێنجەم : کۆمەڵە کردەوەیەکی هەمەجۆر و گشتی :**

وەکو : نەرم و نیانی و ڕووخۆشی و خواردنەوەی ڕق و کینە و چاوداگرتن لە ئاستی نامەحرەم و بڵاوکردنەوەی سەلام و چاکە کردن لە گەڵ دایك و باوك و دراوسێ و پاراستنی زمان لە غەیبەت و سیواك بە کارهێنان و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بە گوێرەی توانای خۆت و نوێژکردن لەسەر جەنازە و شوێنکەوتنی بۆ قەبرستان...

لە کۆتایدا : خوشك و برای بەڕێزم: بزانە کە هەموو ڕۆژێك لە تەمەنمان دەڕوات و ڕۆژ بە ڕۆژ لە مردن نزیك دەبینەوە جا ئەو ساتە بهێنە پێش چاوی خۆت کە تۆ لەسەر جێگا ڕاکشاویت و لەسەرەمەرگی و چاوەڕێی فریشتەی گیان کێشانی و دوای چەند ساتێکی تر ڕوحەکەت لەلاشەت جیادەبێتەوەو دەردەچێ و ماڵئاوایی هەتاهەتایی لەدونیا دەکەیت, ماڵئاوایی لەخزم و کەس و کارو هاوڕێکانت دەکەیت وەپاشان پاك دەتشۆنەوە دواجار بەکفنی سپی بەرگت بۆ دەدوورن و پاش چەند خولەکێك نوێژت لەسەر دەکەن و بەرەو گۆڕ بەڕێت دەخەن و لەدوایی ناشتنت ماڵئاواییت لێ دەکەن و بەتەنها خۆت و کردەوەکانت دەبنە میوانی گۆڕ, تەنها خۆت و کردەوەکانت و بەس کەست لەگەڵ نامێنێ نە باوك و نەدایك و نەخێزان و نەمنداڵ و نەبراو نەخوشك ..هتد

ئێستا کەتۆ لەناو گۆڕیت بەتەنها لەمەنزڵگای غەریبانی ئەگەر چاکەخواز بیت ئەوە بێ گومان گۆڕەکەت پڕ دەبێت لەنازو نیعمەتی خوایی بەڵام بەپێچەوانەوە ((خوا پەنامان بدات)) ئەگەر لەکۆمەڵی خراپەکاران بیت ئەوە گۆڕەکەت دەبێتە شێوێك لەشێوەکانی دۆزەخ.

موسڵمانانی خۆشەویست: چەندەها ساڵت لەژیانی ئەم دونیایە لەدەست چووە لەخوداپەرستی و خواناسی, بیربکەرەوە چەندەها نوێژت لەکیس چووە, چەندەها ڕۆژووت نەگرتووە, چەندەها چاکەت لەدەست چووە,...

ئێستا تۆ لەناو ئەم گۆڕەدا ئاهی پەشیمانی هەڵئەکێشی بەڵام تازە بێ سوودە..

گۆڕیش یان دەبێتە ڕایەخەی بەهەشت یان ڕایەخەی دۆزەخ.

بۆیە بڕیار بەدەستی خۆتە ئەگەر ئەتەوێت قەبرەکەت ببێە باخێك لە باخەکانی بەهەشت, دەی کردەوەی چاك ئەنجام, وەئەگەر نا ((دۆزەخ))ی پڕ ئازاری کوشندە چاوەڕێتە.

داواکارم لە خوای پەروەردگار هیدایەتمان بدات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست و ئیستیقامەمان پێ ببەخشێت و لە هەڵە و کەموکورتیمان ببورێت .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

**باوکی محمد**

**جليل إبراهيم علي**

**دەرچووی پەیمانگای ئیسلامی کوردستان**

## دووجار هەست کردن بە غەریبی

الحمدلله رب العالمين, والصلاة والسلام على خير خلقه محمد بن عبدالله الأمين. أما بعد:

خوێنەری خەمخۆری ئیسلام پێدەچێت ناونیشانی بابەتەکە پرسیارو سەرنجی لات گەلاڵە کردبێت کە ئاخۆ دەبێت مەبەست لەونووسینە چی بێت؟ من لێرەدا بەشێوەیەکی کورت دەمەوێت ئەو ڕاستیە فەرامۆشکراوە وەبیر خۆم و بەڕێزتیش بهێنمەوە, کە میللەتی ئیسلامەمان لەم ڕۆژگارەی کە تێیدا دەژین بەتەواوی لە قۆناغی غوربەتدا دەگوزەرێت. ئەمەش لە دوو تەوەرەوە بەڕوونی دەردەکەوێت وەکو لە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئازیزدا صلى الله عليه وسلم باسکراوە.

تەوەری یەکەم: غوربەتی ئیسلام وەکو دین وبەرنامەو ڕێبازی ژین ودین لەنێو ئەو هەموو گومڕایی و دینە پووچ وناڕەوایانەی کەسەر زەویان تەنیوەتەوە وبەملیۆنەها شوێنکەوتەو لایەنگریان هەیەو هەموویان تێکڕا خەڵکی بانگهێشت دەکەن بەرەو دۆزەخ و ژیانی تاڵ و ناسۆری, شەیتانیش فریوی داون و بۆیانی ڕازاندۆتەوەو ناحەق بەحەق دێتە پێش چاویان و ئەو مرۆڤە شەیتان ئاسایانەش کەلەپێستی مرۆڤدان هەرشتێك خەڵکی ئارەزووی بکات دڵی بۆ لێدات ئەوان حەڵاڵیان کردووەو خۆیشیان دەستپێشخەرن, بەو هۆیەوە خراپە زۆر بووە لەسەر زەویدا و گومڕایی و بتپەرستی پەرەی سەندووە و یەکخواپەرستی کەم بۆتەوە و بەدڕەوشتی و بێ دینی زۆر شوێن و جێگای گرتۆتەوە و لەولاشەوە ئیسلامیش بە تیرۆر و تۆقێنەر پیشان دەدرێت و دەدرێت بەگوێی خەڵکیدا, کەبەداخەوە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە تاڵەی کە تەنها یەك لەسەر حەوتی دانیشتوانی هەموو سەر زەوی موسڵمانن!!!




تەوەری دووەمی باسەکە پەیوەندی بە خودی ئیسلام و نێو کۆمەڵگەی موسڵمانانەوە هەیە, ئەوەش لە ڕوانگەی فەرمایشتێکی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم کە لەفەرموودەیەکدا باسی پەرتەوازە بوونی ئەم ئوممەتە دەکات بۆ حەفتاوسێ پارچەو هەرهەموویشیان لە ئاگردان تەنها یەکێکیان نەبێت ئەوەش ئەو کۆمەڵەیەیە کەلەسەر ئەو بەرنامەیە دەڕۆن کە پێغەمبەرو هاوەڵانی لەسەری بوون لە قورئان وسوننەت.

بەڕێزان: ئەمەش خۆی لەخۆیدا غوربەتێکی تری ئیسلام و تاکی موسڵمانە بەڕادەیەك کەلەناو حەفتاوسێ گروپدا یەك تاقم لەسەر حەقە وڕێگاڕاستەکەی گرتووە و پەیڕەوی دەکات! ئەوەش بە پشت بەستن بەو فەرموودەیەی کەباسی غوربەتی

ئیسلام دەکات و وەصفی ناموبوونی تاکی موسڵمان دەکاو دەڵێ: ئیسلام بەغەریبی دەستی پێکرد و بەغەریبیش دەگەڕێتەوە(وەکو سەرەتا) جا خۆشبەختی بۆ غەریبەکان. لە وەصفی ئەو غەریبانەشدا چەندین ریوایەت هاتووە کەباسیان دەکا چۆنن و کێن. بۆ نموونە جارێك بەوە وەصفیان دەکات کە ئەوانە بریتین لە کەسانێك کە سوننەت زیندوو دەکەنەوە کاتێك کە دەمرێت, واتە هەڵگرانی سوننەت و ئەوانەی کە پاسەوانی سوننەتن وناهێڵن سوننەتەکان لەنێوبچن ون بن لەنێوخەڵکیدا بەشێوەیەك کە خۆیان جێبەجێی دەکەن و بەخەڵکیشی ڕادەگەیەنن, وە هەروەها هاتووە کە ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکی چاکی کەمن لەنێو خەڵکانێکی زۆری خراپ بەشێوەیەك کە وەکو نامۆ دەردەکەون لەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری سوننەتیانەیان. هەروەها هاتووە کە ئەوانە چاکەکاری وچاکسازی دەکەن لەکاتی خراپ بوونی خەڵکی و لاڕێ بوونیان و کاریان بانگەوازی خەڵکە بۆ چاکەکردن هەم بەرانبەر بەخوا و هەمیش بەرانبەر بە خەڵك, بەلاَم مەخابن ئەوانە ئەوەندە کەم و غەریبن وەکو لە فەرموودەدا دەڵێت دانە دانەیەك هەڵدەکەوێت لە ناو هۆزێکدا...

کەوابوو ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەتا کە ئێمەی ڕۆڵەی ئیسلام مادام غەریبین لەنێو ئوممەتاندا, وا دەخوازێت و پێویست دەکات هەوڵ و ماندوو بونی زیاتر بچێژین بۆ خزمەتی ئیسلام و بلاوکردنەوەی ئەو ئایینە بێگەردە و لەنێوخۆمانیشدا زیاتر پەیوەست ببین پێیەوە و ئامۆژگاری یەکتر بکەین لەسەری.

**پشتیوان حسن کەرەم**

دەرچووی ئینگلیزی

## فرمێسك ڕشتن لەترسی خوای پەروەردگاردا

گریان نیعمەتێکە خوای گەورە بەهەموو مرۆڤێکی بەخشیوە ، جا چ گەورە بێت یاخود منداڵ ، دەبینین منداڵ کاتێك دایکی لێی دوور دەکەوێتەوە دەگری ، وە کاتێکیش برسی بێت هەر دەگری ، وە کاتێکیش ئازارێکی هەبێت دیسانەوە دەگری ، بەلاَم گەورەکان بەپێچەوانەی منداڵەوە لەهیچ کام لەو سێ حاڵەتە ناگرین ، بەڵکو لەو کاتانەدا دەگرین کە (کەسێکی خۆشەویستیان لەدەست بچێت ، یان بۆڕابردوویان دەگرین ، یاخود هەندێ کاتیش لەخۆشیاندا دەگرین) ، بەلاَم ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە هیچ کام لەوانە نیە ، بەڵکو گریانێکە کە لەترسی خوای پەروەردگاردا بێت ، ئەو گریانەیە کە مرۆڤ بەتەنهایەو ساتێك بیر لەتاوانە زۆرەکانی دەکاتەوەو بیر لەبێکەسی خۆی دەکاتەوەو بیر لەبچووکی خۆی دەکاتەوە ، کە ساتە وەختێك دێتە پێشەوە ، ئەو وەختە هیچ کەس فریات ناکەوێت تەنها خۆت و کردارەکەت نەبێت ، بۆیە کاتێك مرۆڤ بیر لەو ساتە وەختە دەکاتەوە دەگری و ساتێك لەپێناوی خوای گەورەدا فرمێسك دەڕێژێت .

بۆیە دەگێڕنەوە کە (ڕۆژێکیان ئیمامی حەسەنی بەصری . ڕەحمەتی خوای لێبێت . بەتەنیشت گەنجێکدا تێپەڕی کە ئەو گەنجە قاقای پێکەنینی زۆر بەرزەوە بوو ، بۆیە ئیمامی حەسەنی بەصری پرسیاری لێکردوو پێی فەرموو : ئایا تۆ بەسەر پردی صیراتا تێپەڕیویت ؟ گەنجەکەش گوتی : نەخێر ، وە ئیمامی حەسەنی بەصری پێی فەرموو : ئایا تۆ هیچ زانیاری یەکت هەیە دەربارەی دواڕۆژت کە بەرەو بەهەشت دەڕۆیت یاخود دەکەویتە ناو دۆزەخەوە ؟ گەنجەکەش گوتی : نەخێر هیچ لەوەش دڵنیا نیم ، بۆیە ئیمامی حەسەنی بەصری پێی فەرموو : ئیدی ئەم هەموو پێکەنینە چ مانایەکی

**هەیەو بۆچی زۆر پێدەکەنیت !؟ ، بۆیە دەگێڕنەوە ، لەدوای ئەو ئامۆژگاری یەی ئیمامی حەسەنی بەصری هیچ کەس ئەو گەنجەی نەدەدی کە زۆر پێبکەنێت و قاقای پێکەنینی بێت.**

**بۆیە لێرەدا سودەکانی گریان لەپێناوی خوای پەروەردگارو لەترسی خوای پەروەردگاردا دەخەینە ڕوو ، پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت :** (عينان لا تمسهما النار ، عين بكت من خشية الله ، وعين باتت تحرس في سبيل الله). (حديث صحيح : صححه الشيخ الألباني في " صحيح الترمذي " ( ١٣٣٨ )).

**واتە " دوو چاو هەن ئاگری دۆزەخ نایان سوتێنێت : چاوێکیان ئەوەیە کە لەترسی خوای پەروەردگاردا بگری ، وە چاوەکەی دیکەش ئەو چاوەیە کە لەپێناوی خوای پەروەردگاردا ئێشک بگرێت و چاودێری بکات و نەخەوێت ".**

**هەروەها پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **لەفەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت :** (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لا ظِلَّ إلا ظِلُّهُ :.... ورَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خالِياً فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ ).( رواه البخاري ( ٦٢٩ ) ومسلم ( ١٠٣١ )).




**واتە " خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا حەوت کۆمەڵە خەڵك دەخاتە سێبەری عەرشی خۆیەوە کە لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لەسێبەری عەرشی پەروەردگار نەبێت : بۆیە یەکێك لەو حەوت کۆمەڵەیە کەسێکە کە بەتاکو تەنها یادی خوای پەروەردگار دەکاتەوەو چاوەکانی فرمێسك دەڕێژن ".**

**هەروەها خوای پەروەردگار باسی پێغەمبەرانمان بۆدەکات** (عليهم السلام) **کە چۆن لەخودا ترساون و زۆربەی ساتەکانیان لەسوژدەدا بەسەر بردووەو بەکوڵ گریاون .**

**هەروەکو دەفەرموێت :** ﴿إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَٰنِ خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا ﴾.(مريم : ٥٨).

**واتە " کاتێك ئایاتەکانی خوای پەروەردگاریان بەسەردا خوێنرایەوە . مەبەست لێرەدا پێغەمبەرانە کە لەپێشدا خوای گەورە باسیان دەکات . بۆیە دەست بەجێ سوژدە دەبەن و بەکوڵ دەگرین لەترسی خوای پەروەردگاردا ".**

**بۆیە برایان ، خوشکان ، ئیمامی عبدالله ی کوڕی عومەر (ڕەزای خوا لەخۆی و لەباوکی بێت) دەفەرموێت : ( ئەگەر لەپێناوی خوای گەورەدا فرمێسك بڕێژم ، پێم خۆشترە لەوەی کە دە هەزار دینار لەپێناوی خوادا ببەخشم ).**

**وە (کەعبی ئەحبار) دەفەرموێت : ( ئەگەر لەترسی خوای پەروەردگاردا بگریم و فرمێسك ڕومەت و ڕیشم تەڕبکات ، لەلام باشترە لەوەی کە بەکێشی لاشەم زێڕ ببەخشم ).**

**وە ئیمامی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) لەکاتی نەخۆشی یەکەیدا گریا ، هاوەڵانی لێیان پرسی : لەترسی چیدا دەگریت ؟ ئەویش پێی فەرموون : من لەپێناوی ئەم دونیایەی ئێوەدا ناگریم کە جێی دێڵم ، بەڵکو بۆ دووری گەشتەکەم دەگریم و بۆ کەمی توێشووم دەگریم ، وە نازانم کاتێك دەبرێم ئایا دەخرێمە بەهەشتەوە ، یاخود دەخرێمە نێو دۆزەخەوە.**

**هەوار عادل**

**دەرچووی بەشی فیزیا : ک.پ. کەلار**

## هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام

الحمد الله رب العلمين , والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين نبينا محمد و على آله وصحبه أجمعين , أما بعد.

**بە پشتیوانی خودای پەروەر دگار لەم بابەتەدا باس لەیەکێك لە هەڵوەشینەرەوەکانی ئیسلام ئەکەین بۆ ئەوەی بەرچاو ڕونیەك بخەینە بەردەستی خوینەران ئەویش هەڵوەشێنەرەوەی پینجەمی کتێبی (نواقض الاسلام)ی زانای پایەبەرز محمدی کوڕی عبدالوهابە کەزانایان ڕوونکردنەوەیان داوە لەسەر ئەو کتێبە وە منیش سودم لەو ڕون کردنەوانە بینیوە.**

**زانای پایەبەرز دەفەرموێ:**(من أبغض شيئاً مما جاء به الرسول ؟ ولو عمل به، كفر)).

**واتە: هەرکەسێ ڕقی لە هەر شتێك بێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هێناوێتی لە ئیسلام دە چێتە دە رەوە وە کافردەبێت هەرچەندە کاریشی پێ بکات.**

**خوای گەورە دەفەرموێت:**

﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنْزَلَ اللهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ﴾ ( محمد:٩)

**واتە:بەهۆی ئەوەی ڕقیان لەوەیە کەخوادا دای بەزاندووە خودایش کردەوەکانیانی هەڵوەشاندەوە.**

**-پێناخۆشبون و ڕق لێبونەوە یان ڕەد کردنەوەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هێناوێتی هەر چەندە لەڕواڵەتدا کردەوەی پێبکات بەلاٌم بەدڵ پێی ناخۆشبێت ئەوە پێی کافر دەبێت , وەڕق لێبون لەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هێناوێتی ئەگەر لەوتندابێت یاخود لەکرداردابێت ئەوا جۆرێکە لەجۆرە کانی نیفاقی إعتیقادی کەخاوەنی ئەو بیروباوەڕە دەباتە قوڵترین شوێنی ئاگر خواپەنامان بدات ,هەرکەسێك ئەوشتەی کەپێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆی هێناین ئەگەر ئەمربێت یاخود نەهیبێت ڕەدی بکاتەوە ئەوا ئەو کەسە لەمەترسییەکی گەورەدایە.**

**-وەپێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نوێژکردن و زەکات و فرەژنی...هتد بۆ هیناوین, ئەگەر هاتوو کەسێك رقی لەم حوکمە شەرعی یانە بێت و وەیان هەر حوکمیکی تر جگەلەو حوکمانە, کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆی هێناوین ئەوە پێی کافر دەبێت,بەلاٌم دەبێت لەوە تێبگەین کە ئافرەتان ڕقیان لەفرەژنی نیە لەبەرئەوەی حوکمی خوایگەورە و پێغەمبەرەکەیەتی صلی الله علیه وسلم,بەڵکو ئافرەت بە شیوەیەکی ئاسایی حەزی لە فرەژنی نییە وە پێی نارەحت دەبێت ,بەلاٌم ڕقی لە خودی حوکمەکە نیە, ئەمەیش زیانی پێ ناگەیەنێت, ,بەلاٌم ئەگەر ئافرەت ڕقی لە حەلاٌڵ کردنی فرەزنی و شەرعییەتی بێت ئەوا لەئیسلام دەردەچێت چونکە ڕقی لە فەرمانێك دەبێت کەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هێناوێتی. بۆیە ئەو کەسانەی کە ئەڵێن بۆچی خوای گەورە چوار ژنی بۆ پیاو حەلاٌڵ کردوە باشتر وایەپیاو یەك ژنی هەبێت نەك بیکات بە چەند ژنێك ئەگەر بتوانێت دادپەروەریش بێت, چونکە ئەمە هیچ سودو قازانجێکی تێدانیە, وەیان بانگەشە بکات بۆیەکسانی لەنیوان ژن و پیاو دا,وە بانگەشەکردن بۆ ئەو بیروباوەڕەی کەدەڵێن داد پەروەری لەوەدا نیە کە فەزڵی پیاو دراوەبەسەر ئافرەتدا,یان دژایەتی حیجابی شەرعی و هەوڵدان بۆ لادانی,ئەمانە هەموی کوفرو دەرچونە لە ئیسلام خودای پەروەردگار من و ئێوەیش بپارێزێت.**

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله و صحبه أجمعين

**سارا عادل مجيد**

**دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی کەلار**

## ماناى دينداری و ڕەوشت جوانی

الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنْ لَا نَبِيَّ بَعْدَهُ

پێغەمبەرﷺ لە یەکێك لە فەرموودەکانیدا دوو بنەمای کردووە بە سەنگی مەحەك بۆ دیاری کردن و ناسینی کە سێك کە :

١- دیندارو کردارپەسەند بێ.

٢- ڕەوشت و ئەخلاقی جوان بێ.

ئەو فەرموودەیەش «أَبوذَرٍّ» خوای لێ ڕازی بێ لە پێغەمبەر ﷺ دەیگێڕێتەوەو دەفەرمووێ: پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاریەکی کردم و فەرمووی:

« اتَّقِ اللهِ حَيْثُمَا كُنْتَ وَأَتْبِعْ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا «وَإِذَا عَمِلْتَ سَيِّئَةً فَاعْمَلْ حَسَنَةً تَمْحُهَا» وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ». واتە: « تەقوای خوات هەبێ لە هەر کات و شوێنێك دا بوویت، وە هەرکات کارێکی خراپ کرد چاکەیەك بە دوای دا بکە بۆ ئەوەی تاوانەکەت بسڕێتەوە، وە لەگەڵ خەڵکیش دا بە ڕەوشتێکی جوان هەڵس و کەوت بکە»« سنن الترمذی (٧ /٢٦٢/١٩١٠) وحسنه الشيخ الألباني».

لەم فەرموودەوە پێغەمبەرﷺ دوو بنەمای هەڵسوکوتی ژیانمان فێر دەکات کە ئەویش:

یەکەم: هەڵس و کەوت کردنی ئینسان بەرامبەر بە خوای پەروەردگار.

دووەم: هەڵس و کەوت کردنی ئینسان بەرامبەر خەڵکانی دەوروبەری.

کەوابوو بەپێی ئەوە دەتوانین بڵێین: ئینسان ناتوانێ ببێتە کەسێکی دینداری خاوەن کردار پەسەند و ڕەشت و ئەخلاق جوان تاوەکو ئەو دوو بنەمایە بەجێ نەهێنێ، بۆیە پێویستە ئینسان هەڵس و کەوتی لەگەڵ خودای پەروەردگار چاك بکات بۆ ئەوەی ببێت بەکەسێکی دیندارو کردار پەسەند ، وە ڕەوشت و ئەخلاقیشی لەگەڵ خەڵیکی دا جوان بکات بۆ ئەوەی ببێ بەکەسێکی خاوەن ڕەشت و ئەخلاق جوان.

**بنەمای یەکەم: هەڵس و کەوت کردنی ئینسان بەرامبەر بە خوای پەروەردگار:**

خوای پەروەرداگار کە دروستکارو و هەڵسوڕینەری ژیان و گوزەرانی ئینسانەو هەرچی نازو نیعەمەت هەیە هەر هەمووی لە خودایەوە کە ڕشتوویەتی بەسەر ئینسان دا، وە هەر ئەویش شیاوی ئەوەیە بە تەنها بپەرستری، چونکە شەریك و هاوبەشی نی یە، بۆیە پێویستە ئینسان هەڵس و کەوتی لەگەڵ خودای پەروەردگار چاك بکات بۆ ئەوەی ببێت بەکەسێکی دیندارو کردار پەسەند، ئەمەش بە دوو خاڵ دەکرێ:

١- هەرشتێك کە خودا فەرمانی پێ کردووە جێ بەجێی بکات و هەرشتێکیش کە خودا حەرامی کردووە وازی لێبهێنێ و توخنی نەکەوێ..ئیتر لە هەر شوێن و کاتێك دا بوو.

٢- وە لەبەر ئەوەی ئینسان مەعصوم نی یەو لە ژیانی دا توشی هەڵەو تاوان دێت، وە ئەم هەڵەو تاوانەش کە دەیکات دەبێتە هۆی ڕوشاندن و نەهێشتنی ئەدەب و هەڵس و کەوتی جوانی بەرامبەر بە خودا، جا بۆ ئەوەی چارەسەرو تیماری ئەو هەڵەو کەم و کوڕیەی بکات، ئەوا پێویستە هەرکات توشی هەڵەیەك هات و تاوانێکی لە دەست دەرچوو، دەست بەجێ پەشیمان ببێتەوەو ڕوبکاتەوە خوداو داوای لێخۆشبوونی لێ بکات و بە دوای کردارە خراپەکەدا کردارێکی چاك ئەنجام بدات تاوەکو خودا لێی ببورێ و تاوانی پێشووتری لەسەر لابەرێ.

خـاڵی یەکـەم بریتیـە لـە تـەقوا: کـە جـێ بـەجێکردنی فـەرمان پێکراوەکـان و دوورکەوتنـەوە لـە حـەرامکراوەکان دەگرێتـەوە، خـاڵی دووەمـیش بریتیـە لـە پاراسـتنی ئـەو تەقوایـە بـۆ ئـەوەی ئینسـان لـە دەسـتی نـەدات،« اتَّقِ اللَّهِ حَيْثُمَا كُنْتَ وَأَتْبِعْ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا»بـەم دووخاڵـەش ئینسـان دەبێتـە کەسـێکی دینـدارو کـردار پەسـەند بەرامبـەر بە خودا.

**بنـەمای دووەم: هـەڵس و کـەوت کردنـی ئینسـان بەرامبەر خەڵکانی دەوروبەری:**

وە پێویسـتە ڕەوشـت و ئەخلاقیشـی لەگـەڵ خـەڵیکی دا جـوان بکـات بـۆ ئـەوەی بـبێ بەکەسـێکی خـاوە ڕەشت و ئەخلاق جوان. ئەمەش بە دوو خاڵ دەکرێ:

١– پەیونـدی و دۆسـتایەتی کردنـی لەگـەڵ خەڵکی لەبەر خودا بێ.

٢– پەیوەنـدی و دۆسـتایەتی کردنـی لەگـەڵ خەڵکی پابەندبێ بەشەرعی خواوە.

جـا هـەرکات ئینسـان پەیوەنـدی و هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ خـەلکی دا لـە بـەر خـودا بـوو ، وە بـەپێی شـەرعی خـودا بـوو، ئـەوا هـەوڵ دەدات کـە خـودا چـۆنی پێخۆشـەو چـۆنی دەوێ ئاوەهـا هـەڵس و کـەوت بکـات لەگـەڵ خەڵیکـدا، بۆیـە هـیچ بەرژەوەندیـەکی دونیـای و شەخصـی نایبەسـتێتەوە بـە خـەڵکی، ئەمـەش وای لـێ دەکـات ئـەوەی بـۆ خـۆی پێـی خـۆش بـێ لـە خێـرو چاکە بـۆ بەرامبەرەکەشـی پێـی خۆشـە، وە ئـەوەش کـە بـۆ خـۆی پێـی نـاخۆش بـێ لـە شـەڕو خراپـە بـۆ بەرامبەرەکەشـی پێـی ناخۆشـە، بۆیـە دڵـی پـاك دەبێتـەوە لـە ڕق و قـین و بـوغزو حەسـودی و گومـانی خـراپ و دڵپیسـی، وە دەسـت و زمانیشـی پـاك دەبێتـەوە لـە درۆکـردن و جنێـودان و بوهتـان کـردن و غەیبـەت کـردن... چـونکە پێـی خـۆش نـی یـە کـەس بـەو جـۆرە بـێ لەگـەڵی ئـەم دا، ئـیتر لـەوەوە خـەڵکی لە دەست و زمانیشی ئەمین دەبن.

جـا هـەرکات ئینسـان بـەو جـۆرە هـەڵس و کـەوتی کـرد لەگـەڵ خـەڵکی دا، ئـەوا دەبێتـە خێـرو بەرەکـەت بـۆ خـەڵکی، بەمـەش ڕەوشـتی جـوان و ئـەخلاقی بـەرز لـە خـۆی دا بەرجەسـتە دەکـات. «وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ».

**لەمەوە هەڵەی دووکۆمەڵ خەڵکان بۆ دەردەکەوێ:**

**یەکـەم:**کەسـانێك کـە ئیلتزامـاتی شـەرعیان پێـوە دیـارەو لـە ڕووی عیبـادەت و پەرسـتنەکان دا گـورج و گـۆڵن، بـەڵام بـە داخـەوە هـەڵس و کـەوتکردنیان لەگـەڵ دەوروبـەردا زۆر دوورە لـەو ڕەوشتەی کە ئیسلام داوای کردوە .

**دووەم:** کەسـانێکی تـر گـوێ بـە حـەقی خـوای پـەروەردگار نـادەن و لـە ڕووی عیبـادەت و تـەقواوە زۆر کەمتەرخـەمن، ئـەوەی گرنگـە لـەلای ئـەوان ئەوەیـە کـە لەگـەڵ خـەڵکی دا باشـبەو خراپـەت بـۆ دەوروو بـەر نەبێ، ئیتر خوا خۆی ئەرحەم و ڕاحیمینە.

ئـەم دوو هەڵوێسـتە هـەردووکیان هەڵـەن چـونکە یەکـەمیان حـەقی خـودای جـێ بـەجێ کـردووە بـەڵام حـەقی خـەڵکی پێشـێل کـردووە، دووەمیشـیان حـەقی خـەڵکی داوە بـەڵام حـەقی خـودای پشـت گـوێ خسـتووە.. بـەڵام موسـڵمانی ڕاسـت و خواویسـت ئـەو کەسـەیە کـە هـەردوو حەقەکـەی جـێ بـەجێ کردبـێ: کـە دینـدارو کـردار پەسـەند بـێ، وە ڕەوشت و ئەخلاق جوان بێ .

داواکـارم کـە خـوای پـەروەردگار بمانکـات بـە کەسێکی دیندارو ئەخلاق جوان.

**د.کاوە أکرم سەنگاوی**

## ئەگەر ژیری درەخت بووایە، ئەوا باشترین درەخت دەبوو..

لە میانەی بایەخی ئیسلام بە کایە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە گرنگیو لێخەفتانیەتی بە تەندروست بوونی چینو توێژە جیاوازەکان، لەناویشیاندا تۆخ کردنەوەی ڕۆڵو پێگەی ژیریو ئەقڵە بۆ ئاڕاستە کردنی توێژە جیاکان، وکارابوونیشی لە جێگەی سۆزو کارتێکەرە نەرێنیو خراپەکان..

بیرمان نەچێت هاوەڵیەتی هۆشمەندان کارێکی داخوازکراوو پێویستە؛ چونکە ئەوان نزیکن لە هەموو خێرو خۆشیەك، ولەبەرئەوەی ئەمان بە سروشت بارهاتوون لەسەر خۆشویستنی بەها باڵاو کردەوە شایستەکان، لەولاشەوە زۆر دوورو بە پارێزن لە کارە نابەجێو بێ سودو کەڵکەکان. سەیری رسالة إلى ولدي من تصاحب؟ لا:٤٥، دەکرێت.



وە لە نیشانە ئاشکراو دیارەکانی ئاقڵیش:(جوان ڕەفتار کردنو ئاکار تەندروستیو زۆر بێ دەنگییە)، روضة العقلاء:١٦.

چۆن وانەبێت لە کاتێکدا هۆشمەند بە پەیوەست بوونو گوێڕایەڵی بۆ دینو فەرمانەکانی خواو بەرزبوونەوەو پەرواز کردنی بۆ ڕەزامەندی ئەو - سُبْحَانَهُ - دەناسرێتەوە.

حەسەنی بەصری . بەڕەحمەت بێت . فەرموویەتی: (دینداری هیچ بەندەیەك تەواو نابێت . هەرگیز . تا ئەقڵی تەواو دەبێت)، روضة العقلاء:١٦.

ئەوەتا ئیبنو حیببان لە باسی تایبەتمەندی ئاقڵدا دەفەرمووێت:(ژیر بێ ئامادەیی ناجەنگێت، وە بێ بەڵگەش دژایەتی ناکات، هەروەکو زۆرانبازیش بێ هێزو توانا ناکات، لەبەرئەوەی بەهۆی ژیرییەوە دەروونەکان دەژینو دڵەکانیش ڕووناكو ڕۆشن دەبنەوەو کاروبارەکانیش ڕەت دەبنو دەڕۆنو دونیاش ئاوەدان دەبێتەوە. خاوەن فامو بیرمەند ئەوەی نەیبینیوە پێوانەی دەکاتو ئەندازەی بۆ دەکێشێت بەوەی دیتویەتی، وئەوەشی نەیبیستووە بەوەی گوێی لێ بووە، وئەوەشی تووشی نەبووە بەوەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، وئەوەی ماویەتی لە تەمەنی بەوەی تێپەڕیوەو بەسەرچووە، وئەوەشی دەستی نەخستووە بەوەی پێی دراوە، وپاڵ ناداتەوە لەسەر ماڵو سەروەتو سامان، با لەوپەڕی دۆخ باشیشدابێت، لەبەرئەوەی ماڵ نامێنێو کۆچ دەکات، ئاخر عەقڵ دەمێنێتەوەو لەناو ناچێت، **خۆ کە ژیری درەخت بووایە، ئەوا باشترین درەخت دەبوو**، هەروەکو کە ئارامیو ئۆخژنیش بەرهەمو میوە بووایە بێگومان بەڕێزترینیان دەبوو)، روضة العقلاء:٢٥.

کەوایە:. کە هاوڕێیەتیت کرد، ئەوا هاوڕێیەتی کەس مەکە مەگەر عەقڵی لە زانستی زۆرترو گەورەتر بێت، ئاخر چەندین خەڵکمان بینیوە هۆشیان لە خوار زانیارییانەوە بووە، بۆیە نەیانتوانیوە بە باشی بیخەنە گەڕو لە شوێنی خۆی دایبنێن.

وە لە شتە سەرنج ڕاکێشەکانیش کە باسدەکرێت ئەوەیە: ئیبنول موقەففەع[1] و خەلیلی کوڕی ئەحمەدی

---

[1] عەبدوڵڵای کوڕی موقەففەع یەکێك بوو لە ڕەوانبێژو پێشەنگی نوسەران.

فەڕاهیدی بەیەکگەیشتوون و سێ ڕۆژ گفتوگۆیان کردوە، کاتێك لێك جیابوونەتەوە بە ئیبنول موقەففەع وترا: چۆنت بینی؟ ئەویش وتویەتی: پیاوێکە ئەقڵی چاپووکی زیاترە لە زانستەکەی.

دەربارەی ئەویش پرسیار لە خەلیل کرا، وتی: بینیم زانستەکەی لەسەرووی ژیریەتی.

هەندێك لە زانایان فەرموویانە: بەدڵنیاییەوە ڕاستیان کرد؛ لەبەرئەوەی خەلیل لە سەر جێگا بێ کوشتن و لێدان و دوژمنایەتی کۆچی دوایی کرد، کە بە زاهیدی و خۆنەویستی و خواویستی ژیاوە، واتە: ئاقڵەکەی پێشەنگ و پێشەوای زانیاریەکەی بووە، بەڵام ئیبنول موقەففەع کاڵ فامییەکەی بار بووە بەسەریەوە، وزانستەکەشی پەیژەو هۆکاری تۆمەتبار کرانی بووە بە کافربوون و زندیقایەتی، بۆیە بە خراپترین بە هیلاك چوون کوژراو تێداچوو! سەیری محاضرات الأدباء: ٢٤/١، والسير للذهبي: ٢٠٨/٦، دەکرێت.

لێرەوە دەزانین هاوەڵیەتی عەقڵمەندان موتوربەی هۆش و ژیرییە، هەروەکو هاوڕێیەتی کاڵ فامانیش بەرهەمەکەی ڕووەو کەمیەتی و بەرەو خوار چوونە.

ئیبن و حیببان فەرمووی: (ئەوەی کە دەبێتە هۆی گەشەی ژیری هۆشیار، نزیکبوونەوەیەتی لە هاوشێوەکانی خۆی و دوورکەوتنەوەشیەتی لە دژەکانی)، روضة العقلاء: ٢٥. پێشەوا شوعبەش دەفەرمووێت: (**عەقڵمان کەمە، ئەگەر لەگەڵ ئەوانەش دانیشین کە ژیرییان لە ئێمە کەمترە، ئەوا ئەو کەمەش دەڕوا**، وە بێگومان من پیاوێك ببینم لەگەڵ کەسێك دادەنیشێت کە لە ئەقڵیدا لەو بەرەو ژێر ترە، ئەوا ڕقم لێ یەتی و لێی توڕەم و بەلاشمەوە نەویستراوە)، روضة العقلاء: ٢٤ ـ ٢٥.

جا وتراوە: (بەرهەمی ژیری باش هەڵبژاردنە، بەڵگەو هێماش بۆی هاوەڵیەتی خەڵکی چاك و پەسەندە)، فرائد الخرائد في الأمثال: ١٣٢.

ئەوەتا دەبینین هەندێك لە پێشینی چاکمان ئەگەر نمونەیەك لە قورئاندا پێیاندا ڕەت بووبایەو بە چاکی لێی تێنەگەیشتبان، خەمیان دەخواردو دەگریان بەهۆی ئەوەی دەیانزانی هێنانەوەی ئەم نمونانە لە قورئاندا بۆ لێ حاڵی بوونە، کە بەس زاناکانیش لێی تێ دەگەن. سەیری ظاهرة ضعف الإيمان: ٣٨/١، دەکرێت.

کەوابوو:. کە بەدوای هاوڕێدا گەڕایت متمانە بە هەمووان مەکە بۆ برایەتی، خۆ کە سەر پشك کرایت لە نێو خەڵکیدا، ئەوا پەیوەستی خەڵکی عاقڵ و خاوەن شەرم و ڕەوشت و ئاکاری بڵندبە، لەبەرئەوەی ژیری کە بەراوردو بەرامبەری پێ بکرێت وێنەو هاوکوف و شێوەی نیە. سەیری أدب الدنيا والدين: ١٦٨، دەکرێت.

**جیهاد قادر عەلی، ز.قاهیرە، میسر.**



## گرنگی شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)

الحمدلله و الصلاه والسلام علی رسول الله و علی اله و صحبه و من سلك طریقهم الی یوم الدین, وبعد:

شوێنكەوتنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم تاكە ڕێگەی نزیك بونەوەی بەندەیە لە خوای پەروەردگارە و هۆكاری چونە بەهەشت و مەرجی قبوڵبونی عیبادەتەكانمانە لای خوای گەورە, هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (ال عمران:31 ) واتە: پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەگەر ئێوە خواتان خۆش ئەوێ وئەتانەوێ لێی نزیك ببنەوە دەبێ پەیڕەوی لەشەریعەت و بەرنامەكەی من بكەن، ئەوسا خوایش ئێوەی خۆش دەوێ.

وە پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) ئەفەرموێ: ﴿كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ أَبَى قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَنْ يَأْبَى قَالَ مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى﴾ البخاري،باب الاعتصام بالكتاب والسنة،ح٦٧٣٧. واتە: گشت ئومەتەكەم دەچنە بەهەشت مەگەر ئەوانە نەبێ كە نایانەوێت, وتیان جا ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) كەس هەیە نەیەوێ بچێت بۆ بەهەشت؟ لەوەلأمدا فەرموی: ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانەكانم بكات دەچێتە بەهەشت, ئەوەی لاملی فەرمانەكانم بكات و یاخی بێ ئەوا ئەو كەسەیە نایەوێت(بچێت بۆ بەهەشت).

بەڵێ خوشك و برای موسوڵمان بەپێی ئەم ئایەت و فەرموودەیە ئاشكرایە هەر كەس گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بكات ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بەدەست ئەهێنێت و دەچێتە بەهەشت...

ابن قیم رحمه الله تعالی ئەفەرموێت: ﴿الشهادة لرسول الله بأنه نبی لا تدخل الإنسان فی الإسلام, ما یلتزم طاعتة و متابعته﴾ واتە: شایەتی دان بۆ پێغەمبەی خوا (صلی الله علیه وسلم) بەوەی كە پێغەمبەری خوایە مرۆۋ ناكاتە ناو ئیسلامەوە هەتا پەیوەست نەبێت بە گوێڕایەڵی كردن و شوێنكەوتنی. و بێگومان شایەتی دانیش بۆ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەوەی كە نێردراو و پێغەمبەری خوایە بە ٤ شت دێتە دی ئەوانیش:

١. گوێڕایەڵی كردنی لە هەموو ئەو شتانەی كە فەرمانی پێی كردوە بە بەئەنجام گەیاندنی.

٢. بە ڕاست دانانی هەموو ئەو شتانەی كە هەواڵی لەبارەیانەوە داوە.

٣. دوور كەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی كە فەرمانی داوە بە نەكردنی.

٤. بەو شێوەیە خوای گەورە بپەرستین كە خۆی كردویەتی و خۆشی چۆنیەتیەكەی دیاری كردوە.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ صَخْرٍ رَضِيَ الله تَعَالَى عَنْهُ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُوْلَ اللهِ صلى الله عليه وسلم يَقُوْلُ ﴿مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ......﴾ رواه البخاري ومسلم, مانای فەرمودەكە ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: لە هەر شتێكدا فەرمانم پێكردوون بە نەكردنی دوور بكەونەوە لێی وە هەرشتێ فەرمانم پێتان كردوە بە كردنی بە گوێرەی توانا بیكەن....

وە پەروەردگاریش فەرموویەتی: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر:٧) واتە: هەر شتێ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی پێكردن جێبەجێی بكەن و لە هەر شتێكیش ڕێگری لێكردن لێی دوور بكەونەوە. چونكە بە چاودێری

خوای گەورە هەر شتێك خێری تیابێت بە ئومەتەکەی نیشان داوە و هەر خراپەیەکیش چ لە زەمانی خۆیدا یان لە داهاتوودا ئیلا ئاگاداری کردوینەتەوە نەوەك تێی بکەوین... خێر و چاکەی تەواویش کە نیشانی ئومەتەکەی داوە (التوحید) یەکخواپەرستییە و خراپە و تاوانێکی زۆر گەورەش کە ئێمەی ئاگادار کردتۆتەوە لێی (الشرك) هاوەڵ بڕیاردانە لە پەرستنی خوای گەورەدا. ئەمانە و چەندین ئایەت و حدیث تر بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) چەنێك بۆمان گرنگە چونکە ڕێگەی نزیك بوونەوە لە خوا لە شوێن پێهەڵگرتنیەوەیەتی, موژدە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە ڕاستی دەستیان گرتوە بە قورئان و سوننەتەوە هەروەك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: " إِنَّ مِنْ وَرَائِكُمْ أَيَّامَ الصَّبْرِ لِلْمُتَمَسِّكِ فِيهِنَّ يَوْمَئِذٍ بِمَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ أَجْرُ خَمْسِينَ مِنْكُمْ " ، قَالُوا : يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَوَ مِنْهُمْ ؟ قَالَ : " بَلْ مِنْكُمْ" سلسلة صحيحة (الألباني) واتە: لە دوای ئێوە ڕۆژانی ئارامگرتن دێن بۆ ئەوانەی کە دەستیان گرتوە بە کتاب و سوننەتەوە, لەو ڕۆژەدا هەریەك لەوان پاداشتی چەنجا لە ئێوەی هەیە, وتیان ئەی پێغەمبەری خوا لە خۆیان؟ فەرمووی: نا بەڵکو پاداشتی پەنجا لە ئێوەی بۆ هەیە. ئەمە بۆ ئەوانەی کە دەستیان گرتوە بە کتاب الله و سنة النبي, ئەی بۆ ئەوانەی کە سەرپێچی پێغەمبەری خوا دەکەن؟؟ خوای پەروەردگار ئەفەرموێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور:٦٣) واتە: دەبا ئەوانەی سەرپێچی لە فەرمانی پەیامبەر ئەکەن، بترسن کە سەرەنجام تووشی بەڵاو نەهاتێك ببن یا تووشی سزایەکی بەئێش ببن. و پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: "مَنْ رَغِبَ عن سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي" البخاری و المسلم, واتە: ئەوەی پشت لە سوننەتی من هەڵبکات ئەوا لە من نیە.

لە کۆتایدا:

ئەی موسوڵمانی بەڕێز سەیری هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەی خۆت بکە بزانە تاکو چەن لەگەڵ سوننەتی نێردراوی خوادا (صلی الله علیه وسلم) یەکدەگرێتەوە, چونکە بە هەڵسوکەوتەکانت دەیسەلمێنیت کە شوێن کێ کەوتویت و هەڵگری پەیامی کێیت, و بێگومانیش بە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) سەربەرزی دونیا و قیامەت ئەبیت و تامی ئیمان ئەکەیت, و دوور ئەکەویتەوە لە گومڕای و تیاچوون هەروەك عبدالله ی کوڕی مسعود دەڵێت: "لَوْ تَرَكْتُمْ سُنَّةَ نَبِيِّكُمْ لَضَلَلْتُمْ" واتە: ئەگەر واز لە سوننەتی پێغەمبەرەکەتان بهێنن ئەوا توشی گومڕایی ئەبن.

داواکارم لە خوای گەورە بە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی پێغەمبەرەکەی بمانژمێرێت و لێمان ڕازی بێت.

و اخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمین.

لانیە طە

ز.سلێمانی, ز.ئینگلیزی

## دەمارگیری چاوساغان..!

**الحمد لله ، و الصلاه و السلام علی حبیبنا رسول الله:**

بەڕاستی جێگەی دڵخۆشیه وا ئەمساڵیش زانسته ڕەسەنەکەتان دێتەوە بەردید.. هەزاران شوکر..

ئەزیزان: ئەوەی دەمەوێ بە کورتی تیشکی بخەمە سەر ( دەمارگیریه ) ، دەمارگیری بۆ هەرچی شتێك لەوانەیه ببێته هۆکاری تەواو ڕۆچوون و پەیبردن بە پەنهانیەکان..

بەڵام حەیف لەوێدایه ، کە کەسێك دەیەوێت من و تۆ وا تێبگەیەنێ کە چاوزاغە ، بەڵام ئەگەر تێکەڵاوی و تاوان نەبیت نازانی چەند وابەستەی چاورەستنە لە بەرایی ترین بنەما کە ئازادبوونە لە کۆت و بەندی بانگەشەی بێ کردار.

(دەمارگیری) جۆری زۆرە و من نامەوێ بچمە ڕێڕەوە گشتگیرەکەیەوە ، بەڵکو ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە لەنێو موسڵمانانەدا هەیە ، کە زۆرجار دەبینین و دەبیستین ، دەوترێت و دەنوسرێت لەسەر ئەوەی کە با دەمارگیر نەبین بۆ هیچ رێڕەویکی مەزهەبی یان فیکری..!!

ئەم دەستەواژەیە ئەگەر بۆ رزگاربوون بیت لە بیروڕای بێ بەڵگە بۆ گەڕانەوە بۆ بەڵگەکانی قورئان و سوننەت ، ئەوا بە کۆڕای ئەوانەی جێی وەرگرتنی وتەن شتێکی باشە و پەسەندە..

بەڵام گرفتمان دێتە پێش لە کاتێکدا کە هەندێکمان دەیەوێ باسی دەمارگیری بکات لە ژێر دروشمی وازهێنان لە دەمارگیری، ئەمەش دەبێتە ڕێگەیەکی باش بۆ شەیتان کە دزە بکاتە دینداریەکەمانەوە..!

دێت و دەڵێت بادەمارگیر نەبین ، بەڵام دیت چواندن لە نێوان کەسێکی سادە کە تەنها زانیویەتی قەڵەم بگرێتە دەست لەگەڵ زانا گەورەکانی ئیسلامدا دەکات، بانگخوازێك بە ئیمام و پێشەوا دادەنێت لە کاتێکدا دان نانێ بە شکۆمەندی زاناکانی ئیسلامدا ، ئەگەر چی بۆ دەم بەستن و چاوبەستن دەڵێ ئەو زانایانەش پێگەی گەورەی خۆیان هەیە..!! بەڵام بەڕاستی بەم پیا هەڵدانە دادی کەسی نەداوە لە مێژە تا ئێستا..!

چونکە تەنها دانانان بە ڕاستی دا بەس نیە ، بەڵکو دەبێت پێچەوانەکەشی دەربېڕێت تاوەکو ببێت بە کەسێکی هاوسەنگ..

بۆ خواپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەری خودا ، تەنها وتەی زەق و بریسکەدار بەس نیە ، دەبێ باوەر و وتە و کردارمان یەکخەین ، ئەوەی لە گوفتاردا گەشتۆتە ئەو پەڕی ، نەگەشتوە بەهیچ شتێك جگە لەوەی کە چاڵێکی گەورەی بۆ خۆی کەندوە ، جا بۆیە دەبێت هەموان بزان هەروەکو شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە فەرموویەتی: هەرکەسێك بە هەق ڕازی نەبێت ، خودا بە بەڵای ناهەقی دەیگەوزێنێ...!!

ڕا پەرستی و خۆ بەشت زانی ، نا هەق ناکات بە هەق ، لاف و گەزاف ، زوو خەڵکی ماندوو دەکات..!!

کەواتە ، ئێمە پێویستیمان بە خاکی بوون هەیە نەك دەمارگیری بۆ خود ، بۆ خەڵك ، بۆ بۆچوون ، بۆ هەر شتێك کە ( خودا و پێغەمبەرﷺ) و ( قورئان و سوننەت نیە ) ، تەنها ئەمانەن کە دەبێت تاوەکو قوربانی بە خوێن بە ماڵ بەوەی حەزمان لێیەتی ، بەڵکو ناگەیت بە چاکەکاری تاوەکو نەگەین بەوەی کە خۆشویستن و رقلێبون و بەخشین و پێدان و هاوسەرگیری لەبەر خودا ئەنجام نەدەین، کەواتە دیسانەوە پێویستمان بە دەمار گیری نیە و یەك دونیاش موحتاجی لێبوردەیی و بۆ خوا صوڵحانین..!

ئەمانەی نوسراون تەنها قسە و نوسینە ، پێویستی بە کردار و هەڵسوکەوتە ، کەواتە دەمارگیری تەنانەت لەوەشی کە پێشکەشی خەڵکی دەکەین نابێت هەبێت.

داواکارم خوا لێمانی قبوڵ بکات و سەرکەوتوومان بکات بۆ ئەوەی هەر بۆ خۆی بژین و لە پێناو ئەودا بمرین.

**بلال حلال حداد**

دەرچووی فیزیك

## ئامۆژگاری پێشەوایەك سەبارەت بە تێکەڵاوی بیدعەکاران تەنانەت ئەگەر بە بیانوی بەرپەرچدانەوەشیان بێت

( ابن بطة ) لە ( حنبل بن إسحاق بن حنبل ) ەوە دەگێڕێتەوە : کە پیاوێك نوسراوێکی نارد بۆ پێشەوا ئەحمەد . بەڕەحمەت بێت . تێیدا داوای دەکرد ڕێی پێبدات لەگەڵ بیدعەکاراندا دابنیشێت بۆ ئەوەی موجادەلەیان لەگەڵ بکات و بەڵگیان بەسەر بسەپێنێت.

پێشەوا ئەحمەدیش . بەڕەحمەت بێت . لە وەڵامدا بۆی نوسی : ( بسم الله الرحمن الرحيم ... خوا دواڕۆژت باش بکات ، وهەموو خراپەیەکت لێ دووربخاتەوە :

ئەوەی کە بیستومانە و زانایانمان لەسەری بینیوە قسەکردن ودانیشتن لەگەڵ بیدعەکارانیان بە نا دروست زانیوە و ڕقیان لێبووە . بۆیە تەنها تەسلیم بوون و دەستگرتن بەوە بەسە کە لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەری خوادا هاتووە ﷺ . ، بەبێ دانیشتن لەگەڵ بیدعەکاراندا بۆ بەرپەرچ دانەوەیان ، چونکە لە توێی تێك دەدەن ، و خۆشیان ناگەڕێنەوە .

وە پارێزراوی لەوەدایە کە لەگەڵیاندا دانەنیشێت و لەگەڵیاندا نەدوێیت لە بارەی داهێنراو وگومراییەکانیانەوە .

بۆیە با هەموومان لەخوا بترسین و ڕووبکەینە ئەو کارە چاکەی کە سودی دواڕۆژمانی تێدایە ، و لەو جۆرە کەسانە نەبین کە کارێك دائەهێنن ، و پاشان بەدوای بەڵگەدا دەگەڕێن بۆی بەحەق بیت یان بەناحەق وخۆیان دووچاری مەحاڵ دەکەنەوە تەنها بۆ ئەوەی داهێنراوەکەیان جوان بکەنەوە !!!

لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەو داهێنراوەی لەکتێبێکدا نووسیبێتەوە وبەناو خەڵکدا بڵاوبووبێتەوە وتەنها بیەوێت جوانی بکاتەوە بەحەق بێت یان بەناحەق .... داواکارین خوا ئێمە وتوش سەرکەوتوو بکات ، والسلام عليكم ) [ مسائل الإمام أحمد لابنه صالح ( ٢ / ١٦٦ . ١٦٧ ) ، والإبانة لابن بطة ( ٢ / ٤٧٢ ) ] .

### چەند سودێکی ئامۆژگاریەکە :

١ ـ ئەوەی کە زانایان لەسەری بینراون و لێیانەوە بیستراوە ئەوەیە کە : قسەکردن و دانیشتنیان لەگەڵ بیدعەکاران بە نا دروست زانیوە و ڕقیان لێبووە.

٢ ـ تەسلیم بوون و دەستگرتن بەوەی کە لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەری خوادا هاتووە ﷺ . بەسە ، بەبێ دانیشتن لەگەڵ بیدعەکاران ، تەنانەت ئەگەر بە مەبەستی بەرپەرچ دانەوەیانیش بێت ، چ جای بەبیانووی تر بێت !!!

٣ ـ دانیشتن لەگەڵ بیدعەکاران بە مەبەستی بەرپەرچ دانەوەیان هۆکاری تێکدانی کەسەکە خۆیەتی لەلایەکەوە ، و لەو لاشەوە خۆشیان ناگەڕێنەوە .

٤ ـ پارێزراوی لەوەدایە کە لەگەڵ بیدعەکاراندا دانەنیشێت و لەگەڵیاندا نەدوێیت لە بارەی داهێنراو وگومراییەکانیان .

٥ ـ کەسانی بیدعەکار بیدعەکانیان دائەهێنن ، و پاشان بۆ جوان کردنەوەی داهێنراوەکانیان بەدوای بەڵگەدا دەگەڕێن بۆی . بەحەق بیت یان بەناحەق . !!!

خوای پەروەردگار پارێزەری هەمووان بێت لە هەموو بیدعە و بیدعەکارانێك .... ئامین .

**زانست**

قال حنبل بن إسحاق: سمعت أبا عبدالله يقول: [ أهل البدع ما ينبغي لأحد أن يجالسهم ولا يخالطهم ولا يأنس بهم] ( الإبانة): (٤٧٥/٢ رقم٤٩٥)

**واتە/ ئەهلی بیدەع نابێت هیچ کەسێك لەگەڵیاندا دابنیشێت و تێکەڵیان بێت و دڵی پێیان خۆش بێت .**